# Hamawand tribes in Ottoman documents During the years (1881-1918)

**Shakhawan Abdullah Sabr**
Department of History – Faculty of Arts – Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.51*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*This research is analyzing some problems related to Hamawand tribe in Ottoman document between 1881- 1918 which has been published in the frame of an independent book called (Bazian and Chamchamal in The Ottoman documents of (1881-1918), which Ashti Rahman translated into Kurdish, published only the text of the documents as he did without any explaining or writing. Therefore, by using the trusted historical source, based on the historical analysis method the information has been put into two documents.*

***Keyword**: Hamawand ،The Ottoman State ،document ،Bazian ،Chamchamal.*

# هۆزی هەمەوەند لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی لە نێوان ساڵانی ١٨٨١-١٩١٨

پ . ی. د. شاخەوان عبدالله صابر

بەشی مێژوو – فاکەڵتی ئاداب- زانکۆی سۆران.

Shakhawan.sabr@soran.edu.iq

پوختە

ئەو توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی چەند پرسێکی تایبەت بە هۆزی هەمەوەند لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی لە نێوان ساڵانی ١٨٨١- ١٩١٨، کە ئەو بەڵگەنامانەی لە چوارچێوەی پەرتووکێکی سەربەخۆ بڵاوکراونەتەوە بە ناوی (بازیان و چەمچەماڵ لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی ١٨٨١-١٩١٨)، کە لە لایەن نەوزاد یەحیا سەعید باجگر ئامادەکراوە، ئاشتی ڕەحمان، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ناوبراو تەنها دەقی بەڵگەنامەکانی وەک خۆی بڵاوکردۆتەوە بەبێ هیچ ڕوونکردنەوە و لە سەر نوسینێک. بۆیە بە بەکارهێنانی سەرچاوەی مێژووی باوەڕپێکراو، هاوشان بە پشتبەستن بە میتۆدی شیکاری مێژوویی شەنوکەوی زانیاریەکانی نێو دووتوێی بەڵگەنامەکان کراوە.

وشە کلیلەکان: هەمەوەند، دەوڵەتی عوسمانی، بەڵگەنامە، بازیان، چەمچەماڵ.

## پێشەکی

هۆزی هەمەوەند لەو هۆزە کوردیانەیە لە ماوەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەریەکەوتنی هەبووە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ناوچەکانیان، ئەمەش زادەی کۆمەڵێک فاکتەر بووە، لەوانەیە ملکەچ نەبوونیان بە ئاسانی بۆ دەسەلاتی بێگانە، پابەند نەبوون بە بڕیار و ڕێنماییەکانی دەسەڵاتی ناوەند، بوونی ناکۆکی لەگەڵ هۆزە کوردیەکانی دراوسێیان لە پێشەوەی فاکتەرەکانی کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان ئەو هۆزە و عوسمانیەکان بووە، هەربۆیە  بە بەراورد بە هۆزە کوردیەکانی دیکەی باشوری کوردستان بەڵگەنامەکانی عوسمانی زۆرترین تیشکیان خستۆتە سەر جموجۆڵ و چالاکیەکانی هەمەوەندیەکان، لەم ڕووەوە سەرچاوەیەکی ڕەسەنن بۆ ڕوونکردنەوەی زۆر لایەنی ناڕوونی مێژووی ئەو هۆزە و سروشتی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ هۆزە کوردیەکانی دەوروبەریان لە لایەک و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتدارە خۆجێییەکانی عوسمانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان لە لایەکی دیکەوە. هەربۆیەش توێژینەوەکردن دەربارەی مێژووی هۆزی هەمەوەند لەژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامە عوسمانیەکان بایەخی مێژوویی خۆی هەیە و پاڵنەرەکانی نوسینی ئەو توێژینەوەش هەر لەو سۆنگەیەوە بووە.

پرسیارەکانی توێژینەوە:

١- فاکتەری کێشەکانی نێوان هەمەوەند و دەسەڵاتدارانی عوسمانی بۆچی دەگەڕێیەوە؟

٢ -ئەو ڕێگایانە چی بوون عوسمانیەکان گرتوویانەتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکی و جموجۆڵی هەمەوەندیەکان؟ ئایا سەرکەوتووبوون لە هەوڵەکانیان؟

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (هۆزی هەمەوەند لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی لە نێوان ساڵانی ١٨٨١-١٩١٨)یە ئەو بەڵگەنامانەی لە چوارچێوەی پەرتووکێکی سەربەخۆ بە ناونیشانی بازیان و چەمچەماڵ لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی ١٨٨١- ١٩١٨ کۆکراونەتەوە. توێژینەوەکە دابەشی دەروازە و چوار تەوەرە کراوە. لە دەروازە تیشک خراوەتەسەر چەردەیەک لە مێژووی هۆزی هەمەوەند تاوەکو ساڵی ١٨٨٠. تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی (بایەخ و گرنگی ناوچە نیشتەجێبووەکانی هەمەوەندیەکان)ە، تیایدا ئاماژە بە گرنگی ناوچە هەمەوەندنشینەکان لە قەزای بازیان و مەڵبەندی قەزاکەی (چەمچەماڵ) دەدات و لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە عوسمانیەکان کراوە، کە سەرنجێکی زۆریان لە سەری  بووە، چونکە بۆ عوسمانیەکان گرنگ بووە ئەو ناوچەیە هێمن و ئارام بێت، لە لایەکیتریش جموجۆڵ و چالاکیەکانی هەمەوندیەکان دەسەلاتدارە خۆجێییەکانی عوسمانی تەواو سەرقاڵکردبوو، بۆیە بەردەوام لە بیری ئەوە بوون ڕێو شوێنی گونجاو بگرنەبەر بۆ سنووردارکردنی جموجۆڵەکانی ئەو هۆزە.

هەرچی تەوەرەی دووەمیشە بە ناونیشانی (کێشەی نێوان هەمەوەندیەکان و دەسەڵاتدارە خۆجێیەکانی عوسمانی) تیشک خراوەتەسەر فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی کێشە و ململانێی نێوان هەمەوەندیەکان دەسەڵاتدارە خۆجێییەکانی عوسمانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەمەوەندیەکان. تەوەرەی سێیەم باس لە سروشتی (پەیوەندیی هەمەوەندیەکان لەگەڵ هۆزە کوردیەکان)ی دەوروبەریان کراوە. بابەتی (دوورخستنەوەی هەمەوەندیەکان لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی) لە تەوەرەی چوارەم و کۆتایی شەنوکەوکراوە .

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی شیکاری مێژوویی بەستراوە. سەبارەت بە سەرچاوە بەکارهاتووەکانیش، جیا لە پەرتووکی (بازیان و چەمچەماڵ لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی) پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی دیکە بەستراوە، لە پێشەوەی ئەو سەرچاوانە کتێبە بەڵگەنامەییەکانە، لەوانەش (مختارات من كتاب الموصل و كركوك في الوثائق العثمانية)، تێیدا کۆمەڵێک بەڵگەنامە لەبارەی قۆناغێکی هەستیاری مێژووی هەمەوەندیەکان لە نێوان ساڵانی١٨٨٧ – ١٨٩٨ خراوەتەڕوو، کە ماوەی دوورخستنەوەی هەمەوەندیەکانە بۆ ئەنادۆڵ و دواتر بۆ ناوچەکانی تەرابولسی ڕۆژئاوا، بۆیە سوودی لێوەرگرتوە. هەروەها کتێبی گەڕیدە و ڕۆژهەڵات ناسەکانیش کەرستەیەکی تری نوسینەوەی ئەم توێژینەوەن، بایەخ و گرنگی زانیاریەکانیان لەوەدا خۆیان دەدۆزنەوە، بەشێکیان لە ماوەی توێژینەکە یان چەند ساڵێک دواتر گوزەریان بە ناوچە هەمەوەندنشینەکان کردوە زانیاری ورد و دەگمەنیان لەبارەی ئەم هۆزە بۆ تۆمار کردووین، لەوانەش (ژاک ڕێتۆری، مێجەر سۆن، جۆن گۆردن لۆریمەر) ئەمە و لەبارەی کۆمەڵێک سەرچاوەی دیکە، لە لیستی سەرچاوەکان هێمایان بۆ کراوە، لە سەرێکی تر، کارنامە زانستیەکانیش وەک سەرچاوەیەکی گرنگ پشتیان پێبەستراوە، بە تایبەتی تێزی دکتۆرای توێژەر (فەرهاد عەبدولعەزیز محەمەد ئەمین) (هۆزی هەمەوەند توێژینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی سیاسییان لە نێوان ساڵانی (١٨٥١-١٩١٤)، بایەخ و گرنگی لەوەدا دەردەکەوێت نوسەرەکەی بە شێوەیەکی چڕ و پڕ باسی لە مێژووی هەمەوەندیەکان کردوە بە پشتبەستن بە سەرچاوە گرنگەکان، لە نێویشیاندا بەڵگەنامەکانی عوسمانی و قاجاری، بۆیە لە زۆربەی تەوەرەکان سوودی لێوەرگیراوە. جگە لەو سەرچاوانە ڕۆژنامە و گۆڤاریش سەرچاوەیەکی دیکەی بەردەستی توێژەرن لە نوسینەوەی توێژینەوەکە.

دەروازە

چەردەیەک لە مێژووی هۆزی هەمەوەند تاوەکو ساڵی ١٨٨٠

هۆزی هەمەوەند، یەکێکە لە هۆزەکانی باشوری کوردستان لە ناوچەکانی چەمچەماڵ لە سەر ڕێگای گشتی سلێمانی– کەرکوک شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو هۆزەن، لەبارەی شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکی خۆشیان بە

گشتی تێبینی دوو بۆچوونی سەرەکی دەکرێت، لایەنگرانی بۆچوونی یەکەم، دەیگێڕنەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام جیاوازی بۆچوون لە ناوچەکانی ئەو بەشەی کوردستان هەیە، کە هەمەوەندیەکانی لێ نیشتەجێبووە. بۆ نموونە، هەریەک لە محەمەد ئەمین زەکی (زەکی بەگ ، ٢٠٠٦: ١٣٨) و ) العامري، ج ٦، ١٩٩٣: ٩٧)، بنچینەی هەمەوەندیەکان دەگێڕنەوە بۆ ناوچەی سنە، لە دەوربەری ساڵی١٧٠٠ دەستیان بە سەر ناوچەکانی بازیاندا گرتوە. عەلائەدین سەجادی پێی وایە، ئەوان لە هەمان ساڵ لە ناوچەکانی دەوروبەری کرماشان هاتوونەتە پێنجوێن (سجادی،١٩٥٢: ٥٤٤)، هەرچی (ئیدمۆندس)ە ئەو بۆچوونە پشتڕاستدەکاتەوە هەمەوەندیەکان لە سەرەتای سەدەی ١٨ لەپێدەشتەکانی ئێرانەوە هاتوون، شێوەزاری قسەکردنیان نزیک بووە لە شێوە زاری کرماشانی (ئیدمۆندس،٢٠٠٤: ٦٧). هەندێک مێژوونوسی دیکە ناوچەکانی لوڕستان و دەوروبەری بە شوێنی سەرەکی نیشتەجێی بوونی هەمەوەندیەکان، دەزانن (محەمەد ئەمین، ٢٠١٥ : ١٢)، هەرچی بۆچوونی دووەمیشە، پاڵپشت بە گێڕانەوەکانی پیر و بە ساڵاچوەکانی ئەو هۆزەیە لە باب و باپیرانیان گواستوتەوە، ناوچەکانی باکوری کوردستان بە دیاریکراوی ناوچەکانی وان و باشقەڵا لە نزیک دەریاچەی وان بە شوێنی بنەڕەتی نیشتەجێیبوونی هەمەوەندیەکان زانیوە، پاش شەڕی چاڵدێران ساڵی ١٥١٤ بە ناچاری کۆچ دەکەن بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، کاتێکیش لێیان دەپرسن لە کوێوە هاتوون، لە وەڵامدا گوتوویانە "هەموو وانین". بە تێپەڕبوونی کاتی وشەکە گۆڕانی بە سەرداهاتوە، بۆتە "هەمەوانی" (النقشبندی، ٢٠١١: ٢٣٤-٢٣٨). لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە، ناوی هەمەوەند لەوەوە وەرگیراوە. پێدەچێت بۆچوونی یەکەم زیاتر لە ڕاستیەوە نزیک بێت و زۆرینەی سەرچاوەکانیش لە سەری کۆکن، تەنانەت لە بەڵگەنامە فەرمیەکانی قاجاریەکانیش جەختی لێکراوەتەوە (محەمەد ئەمین،٢٠١٥: ١٠). لە بەرامبەردا بۆچوونی دووەم، کە پشتی بە گێڕانەوەی زاردەمی بەستوە، نەوە دوای نەوە زانیاریەکانیان گێڕاوەتەوە، جێگای هەڵوێستە کردنە، ئەگەر هەمەوەندیەکان لە بنچینەدا دانیشتووی باکوری کوردستان بووبن، دواتر کۆچیان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردبێت، چۆن وتوویانە "هەموو وانین"؟ چونکە بەلایەنیکەمەوە بە شێوە زاری کرمانجی ژوورو ئەم دەستەواژەیە وا گوناکرێت .

لەبارەی بنچینەی هەمەوەندیەکان بەدوور نازانرێت، محەمەد ئەمین زەکی، یەکەم سەرچاوەی کوردی بێ بنچینەی هەمەوەندیەکانی بۆ پێنج لق یاخود "فرقەی" سەرەکی دابەشکردبێت، ئەوانیش بریتین لە بەگزادە (چەلەبی)، ڕەشەوەند، ڕەمەوەند، سەفەروەند، سیتەوەند) (زەکی بەگ ، ٢٠٠٦: ١٣٧)، هەرچی توێژەرە بیانیەکانن، لەوانەش مینتیشاشفیلی و ئیدمۆندس بۆچوونیان وایە، هەمەوەندیەکان لە چوار لقی سەرەکی پێکهاتوون (مینتیشا شفیلی،١٩٩٩: ١٣٢ ؛ ئیدمۆندس،٢٠٠٤: ٦٨-٦٩). لە لایەنی خۆیەوە (مێجرسۆن) هەمەوەندی لە سەر بنەمای

چینایەتی بە سەر (ڕەسەن) و (جوتیار) دابەشکردوە، ڕەسەنەکان بریتین لە (بەگزادە (چەلەبی)، ڕەشەوەند، سەفەروەند. جوتیارەکانیش لە (کافرۆشی، بیریایی، سۆفیەوەند، چنگنی) پێک هاتوون و (سیتەبەسەر) ی وەک لقێکی سەرەکی هەژمارنەکردوە، پێی وایە، ئەوان لەوەچەی چەلەبیەکانن(سۆن،٢٠٠٧: ٥٠-٥١). لە لایەن خۆیانەوە هەمەوەندیەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، ئەوان چوار لقی سەرەکین، کاتێکیش گەورەی هەمەوەندەکان کە (خوادی) یاخود (خودا مراد شێر) بووە، لە دوای هاتنی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ کوردستانی باشور بە دیاریکراوی لەگوندی (هەنگەژاڵ)ی نزیک پێنجوین  نیشتەجێ دەبێت و دەبێتە زاوای شێخ ڕەزای هەنگەژاڵی، دواتر لەگەڵ کەسوکار و کوڕەکانی دێنە چەمچەماڵ لە بازیان دادەنیشن. ناوبراو چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (یادگار، ڕەمەزان، ڕەشید، سەفەر) دوای مردنی (خوادی) هەر یەک لەو کوڕانەی چوار تیرە سەرەکیەکەی هەمەوەندیان پێکهێناوە، لەوانە (بەگزادە)، کە پێشیان دەڵێن چەلەبی لە نەوەی یادگارن، گەورەترین و ناودارترین تیرەی هۆزی هەمەوەندن، ڕەمەوەند، لە نەوەی ڕەمەزانن، ڕەشەوەند لە نەوەی ڕەشیدن، سەفەرەوەند، لە نەوەی سەفەرن (کەریم بەگ، ٢٠٠١ :٣٧-٣٨ ؛ هەمەوەند ،٢٠١٠، ٤٧ ؛ کەریم، ١٩٩٨: ٩).

لە ئەنجامی مل نەدانیان بۆ سیاسەتی دەسەڵاتدارانی عوسمانی و ئێرانی، هەمەوەندییەکان ڕووبەڕووی دەربەدەری و ئاوارەبوون و مەرگەساتی زۆربوونەتەوە، تەنانەت سەرچاوەیەک ئاماژە بەوە دەکات لەماوەی نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ تاوەکو کۆتایی هەمان سەدە، لەبەرئەنجامی یاخیبوون لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی ئەندامانی ئەو هۆزە لە نێوان ناوچەکانی زەهاوی کوردستانی ڕۆژهەڵات و بازیان نۆزدە جار ئاوارە بوون (کەریم بەگ، ٢٠٠١: ٤٣)، ئەوەش بەڵگەیە لە سەر بەرزی ڕۆحی بەرەنگاری و ئازایەتی ئەو هۆزە و دەستەمۆنەبوونیان بۆ هەردوو دەسەڵاتدار و زلهێزی ناوچەکە و والییەکانی بەغداش. تەنانەت تویژەرە بیانیەکانیش ئەو گەواهییەیان بۆیان داوە، ئەوەتا  "دیکسون" بە هۆزێکی ئازا ناوی بردوون (نیکیتین،٢٠٠٦: ٢٧٢). مێجرسۆنیش بە "هۆزی لە هەموان بە ناوبانگتری جەنگاوەری تەواوی کوردسان" وەسفیان دەکات، تەنانەت ئاماژەی بەوە کردوە "ژنەکانیشیان بەشداری لە جەنگدا دەکەن" (سۆن، ٢٠٠٧: ٥١)، گەڕیدەی ئەڵمانی بارۆن ئیدوارد نۆڵد (١٨٤٩-١٨٩٥)، کە لە مایسی ساڵی ١٨٩٥ ڕێگای کەوتۆتە ناوچە هەمەوەندنشینەکانی بازیان و چەمچەماڵ، لە زمانی خەڵکی ناوچەکەوە گەواهی جەربەزەیی و ئازایی و پاڵەوانی هەمەوەندیەکانی داوە (نۆڵد٢٠٠٤: ٣- ٢٨)، هاوتەریب لەگەڵ وەسفی ئازایەتی و قارەمانیەتی ئەو هۆزە، بەشێک لە گەڕیدەکان لە کاتی گوزەرکردنیان بە ناوچەکانی هەمەوەندیەکان تێڕوانینێکی خراپیان بۆ ڕەفتارەکانی ئەم هۆزە هەبووە. لە لای خۆیەوە گەڕیدەی بەریتانی جۆن گۆردن لۆریمەر لە کاتی گەشتەکەی بۆ باشوری کوردستان، لە ٢٤ نیسانی ١٩١٠

میوانی موتەسەڕیفی کەرکوک بووە، بە خراپی باسی ئەو هۆزەی بۆ لۆریمەر کردوە بەوەی "دژی حکومەت یاخین و لە سەر سنووری وڵاتی فارس نیشتەجێن" چارەی کێشەکانی هەمەوەندی بە کوشتن و لە ناوبردنی هەموو ئەندامانی هۆزەکە زانیوە، بە دوور نازانرێت، بەشێک لەو تێڕوانینە خراپەی موتەسەڕیفی کەرکوک، وێنەیەکی تەڵخ و ناشیرینی ئەو هۆزەی لە لای ئەم گەڕیدە بەریتانیە دروستکردبێت، لەم بارییەوە دەنوسێت "ئەوان هیچ موڵکێکی جێگیریان نیە تا دەستی بە سەردا بگیرێت و لە ناو ببردرێت، بە هۆی دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەل و ماڵی خەڵکەوە دەژین" (لۆریمەر،٢٠٢٠: ٧١-٧٢) لەگەڵ ئەم وەسفە، هەندێک لە سەرچاوە بێگانەکان و بەعوسمانیەکانیشەوە بە"ڕێگر" و "تالانچی" و "چەتە" باسیانکردوون، بۆ نموونە باسیل نیکیتین بە" دڕندە" ناوی بردوون (نیکیتین،٢٠٠٦: ٢٧٢). مارتین فان برۆنەسن پێی وابووە، ماوەیەک هەمەوەندیەکان وەکو جەردە ناسرابوون "نێو و بانگی بە خراپی ڕۆیشتبوو"(برونەسن،٢٠٠٣: ١٤٢) هەروەها نۆلد لەبارەی دۆخی ئاسایشی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەمەوەندیەکان دەنوسێت "بارودۆخەکە بە جۆرێک چەواشەبووە پۆستە و کاروانی حکومەت بە یارمەتی هەزار پاسەوان و جەندرمە و چەکدارەوە نەیانتوانیوە بە سەلامەتی بگەنە موسڵ" (نۆلد٢٠٠٤: ١٠ ). هەروەها موژدەدەری فەرەنسی ژاک ڕێتۆرێ کە لە ٩ تەمووزی ١٨٧٨ لە کەرکوکەوە ڕووەو سلێمانی کەوتۆتەڕێ خەمی کەوتبوەبەر، چۆن بە ناوچەکانی هەمەوەند تێپەڕێت، لەم بارییەوە دەنوسێت "دەبوو بە ناو هۆزی گەورەی هەمەوەندەکاندا تێپەڕبین، کە هەموو کات بە ڕاوڕووت ناسراون... بە شێوەیەکی گشتی، هەمەوەندەکان تەنها لە سەر ئەو دەستکەوتانە دەژین، کە لە گەشتیارەکان بەردەستیدەخەن و کارکردن بۆ ئەوان مایەی شەرمەزارییە"، بەڵام گەواهی ئەوەشی داوە، ئەندامانی هۆزەکە "شەهامەتی ئەوەیان هەیە، پەلاماری ڕێبواری تاک و تەنیا نادەن، بەڵکو تەنها پەلاماری کاروانەکان دەدەن" (ڕێتۆرێ، ٢٠٠٨: ٣٥)، هەروەها باسی ئازایەتی ئەو هۆزەی کردوە، بیستوویەتی تاکی هەمەوەندی چاک و باش، شەڕەفمەندی بەر بارەگای خودای گەورە نابێت "ئەگەر شوێنی چەند برینێک بە سەر جەستەیەوە نەبێت کە لە شەڕدا بریندار بوویبێت..."(ڕێتۆرێ، ٢٠٠٨ : ٣٥-٣٦) هەروەها لە زۆر لەو بەڵگەنامەی عوسمانی، کە تایبەتن بە باسی ئەو هۆزە، بە"چەتە" ناوبراوە. عەباس ئەلعەزاوی لەگەڵ ئەوەی گەواهی ئەوە دەدات هەمەوەندیەکان"بە ئازایەتی و جوامێری بە ناوبانگن"، هەروەها دەنوسێت پیشەی بەردەوامیان تاڵان و بڕۆ بووە، بەڵام ئاماژەش بەوە دەکات، سرووتە ئایینیەکان، لەوانەش نوێژ و ڕۆژوو ئەنجامدەدەن (العزاوي ، ج ٦، ٢٠٠٥: ٩٣-٩٤).

لەبارەی ڕۆڵی سیاسی ئەو هۆزە، تێبینی ئەوە دەکرێت، یارمەتیدەر و پاڵپشتێکی باشی میرانی بابان بوون، بۆ نموونە، کۆمەکی عبدولڕەحمان پاشای بابانیان کردوە دژ بە نەجیب پاشای والی بەغدا، لە ساڵی ١٨٣٤ بە

هەمانشێوە یارمەتی ئەحمەد پاشایان داوە، دوو ساڵ دواتریش هاوكاری عەزیز بەگی بابانیان كردوە بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی (زەكی بەگ، ٢٠٠٦: ١٣٨-١٣٩) ئەمەش فاكتەرێكی گرنگ بووە بۆئەوەی هەمەوەندیەكان ببنە "جێگای متمانە پێ كردنی میرانی بابان" بە ماڵ و گیانیش لەگەڵیان بوون بۆ پاراستنی میرنشینەكە (هەمەوەندی ، ١٩٩٨ ، ١٨٢).

لە دوای نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ بە هۆی جموجۆڵ و چالاكیەكانیان و گرتنی ڕێگای كەركوك و سلێمانی، ئازاردان و تالانكردنی جووتیاران و دێهاتیەكانی ناوچەكە و هەڵكوتانە سەر كاروانە بازرگانیەكانی ڕێگای نێوان بەغدا و موسڵ، هەمەوەندیەكان بەردەوام مایەی سەرئێشە بوون بۆ والیە یەك لە دوای یەكەكانی بەغدا (شوانی، ٢٠٠٩: ١٠٤: ١٠٦).

تێبینی ئەوە دەكرێت پەیوەندیی هەمەوەندیەكان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەموو كات جێگیر نەبووە، بە گشتی لە ئاستێكی باشدا نەبووە (عەلیاوەیی، ٢٠٠٤ : ١٠٣)، تەنانەت دەگوترێت هەمەوەندیەكانی ئاكنجی بووی ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی و دەرەوەی سنووریش بە سەرۆكایەتی جوامێر ئاغا و ڕێبەرانی تری ئەم هۆزە، بەردەوام سەرچاوەی نائارامی بوون بۆ عوسمانیەكان (كەریم، ٢٠١٢: ٢٢٤). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەمەوەندیەكان لە كاتی هەڵگیرسانی شەڕی عوسمانی ڕوسی ١٨٧٧-١٨٧٨ دەكەونە ژێر كاریگەری بانگەوازی عوسمانی بۆ جیهادكردن دژ بە ڕوسەكان (كەریم بەگ، ٢٠٠١: ٤٤) لەم چوارچێوەیە (٦٠٠) چەكداری هەمەوەند (ایغلتون، ٢٠٠٦: ١٠٠ )، بە ڕەزامەندی خۆیان و شانبەشانی سوپای عوسمانی لەبەرەی قەفقاس بەژداری شەڕەكە دەكەن لە شوێن بەكارهێنانی چەكی كۆنی خۆیان كە دەمانچە و ڕم بووە "بە تفەنگی ڕوس خۆیان تەسلیح" كردوە و خزمەتێكی گەورە بە سوپای عوسمانی دەكەن (زەكی بەگ،٢٠٠٦: ١٤٠) لە دوای شەڕیش بە دەستكەوتی جەنگی زۆرەوە گەڕاونەتەوە (شریف، ٢٠٠٥، ١٣١)، لە بەرامبەر ئەو خزمەتەیان بە سوپای عوسمانی پاداشتكراون، ئەویش بە پێدانی زەوی فراوان لە نێوان بازیان و چەمچەماڵ (نیكیتین، ٢٠٠٦: ٢٧٢) .

لە چارەكی كۆتایی سەدەی ١٩ هەمەوەندیەكان لە كێشە و ناكۆكی دابوون لەگەڵ هەندێك هۆزی كوردی، ئەوەش فاكتەرێكی بەهێز بووە بۆ پەنابردنی هەندێك لەو هۆزانە بۆی لای دەسەڵاتدارانی عوسمانی، لە هەندێك باریشدا قاجاریەكانیش بۆ ماوەیەك پاڵپشتی هەمەوەندیەكانیان كردوە و داڵدەشیان داون. بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٧٨ دوای شكانی هۆزی زەنگەنە(١)، لە شەڕێكیان بەرامبەر هەمەوەندیەكان ( محەمەد ئەمین، ٢٠١٥: ١٣٨ - ١٤٢) زەنگەنەكان داوای یارمەتی لە عوسمانیەكان دەكەن، ئەوانیش لە ڕێگای خانەقینە و بە ناردنی "چەك و سوارە" كۆمەكیان دەكەن، لە لایەنی خۆیەوە قائیمقامی كفری هاوكاریان دەكات بە ناردنی (٧٥٠) سەرباز، هاوكات

هۆزەکانی زەند و پالانی و ژمارەیەک لە چەکدارانی باجەلان و تاڵەبانی دەدەنە پاڵ زەنگەنەکان، بەڵام هەمەوەندیەکان سەرکەوتوو دەبن لە شکانی ئەو سوپایە تێکەڵە و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بە دیلدەگرن، دواتر ئازادیان دەکەن (مدرس و عبدالكريم ،١٩٨٠ : ٤٢). دوای ئەوە هەمەوەندیەکان دەگەنە ئەو بڕوایەی عوسمانیەکان هەوڵدەدەن تۆڵەی ئەو شکستەیان لێ بکەنەوە، بۆیە لەگەڵ خێزانانەکانیان ڕوو لە ناوچە سنووریەکانی ئێران دەکەن و بە دیاریکراوی لە ناوچەی زەهاو و دەوروبەری نیشتەجێ دەبن، لەوێشەوە بەردەوام دەبن لە هێرش بۆ سەرپێگەکانی عوسمانی (محەمەد ئەمین،٢٠١٥: ١٤٠- ١٤١) .

لە لایەکی دیکەوە، لە دوای دالدەدانی بکوژانی محەمەد پادشای جاف لە لایەن جوامێر ئاغای گەورەی هەمەوەندیەکان لە ساڵی ١٨٨٠ و بەرپابوونی جەنگ لە نێوانیاندا، هەمەوەندیەکان بە ناچاری جارێکی دیکە ناوچەکانیان چۆڵدەکەن و ڕوودەکەنە دەوڵەتی قاجاری، لە سەرەتادا بە گەرمی پێشوازیان لێدەکرێت (شريف، ٢٠٠٥ : ١٣٣)، والی ئەسفەهان جوامێر ئاغا دەکاتە دەسەڵاتداری ناوچەی زەهاو، بەڵام دواتر هەردوو لەشکری عوسمانی و قاجاری هێرش دەکەنە سەر هەمەوەندیەکان، لە ئەنجامدا بە فرتوفێڵ جوامێر ئاغا غافڵکوژ دەکرێت (جاف ،١٩٩٥:-٥٨-٥٩ ؛ کەریم بەگ: ٢٠٠١ ،٤٩-٥٠).

لە دوای کوژرانی جوامێر ئاغا، هەمەوەندیەکان دەگەڕێنەوە ناوچەکانی بازیان و چەمچەماڵ، توێژەرێک وای بۆچووە، گەڕانەوەی هەمەوەندیەکان لە سەر داوا و ڕەزامەندی عوسمانیەکان بووە، بەڵام لەگەڵ هەمەوەندیەکان بەفێڵ دەبن و دوای گەڕانەوەیان دەستگیریان دەکەن (کەریم بەگ ،٢٠١١ : ٩)، دواتر پرۆسەی دوورخستنەوەی خێزانە هەمەوەندیەکان بۆ ناوچەکانی تورکیا شام، تەڕابولسی ڕۆژئاوا، دورگەکانی سلانیک و ڕۆدس دەستپێدەکات (محەمەد ئەمین ، ٢٠٠٨: ٢٣) .

تەوەرەی یەکەم: بایەخ و گرنگی ناوچە نیشتەجێبووەکانی هەمەوەندیەکان .

بایەخی ستراتیژی هەڵکەوتەی جیۆگرافی ناوچە هەمەوەندنشینەکان، کە هاوکات شوێنی نیشتەجێبوونی ژمارەیەک لە هۆزەکانی تریش بووە، لە دیدی دەسەڵاتدارانی عوسمانی، وەک شوێنێکی گرنگی سەربازی و کارگێڕی، کاری بازرگانی و تێپەڕبوونی کاروانە بازرگانیەکان سەیرکراوە. بۆیە پرسی دروستکردنی فەرمانگەیەکی فەرمی و قشڵەیەک وەک پێویستێکی گرنگ هەژمارکراوە. هەروەها جەخت دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی لە هەموو گوندەکانی دەڤەرەکە کراوەتەوە، هاوکات داواکراوە، بە پەلە و هەرچی زووە "تەمبێ" بکرێن و "چەتە" هەمەوەندیەکان لە ناوچەکە دووربخرێنەوە، ئەمەش بەو پەڕی بایەخ گرنگیەوە باسی لێوەکراوە(باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ٢٢١).

لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی سەرنجی زۆر لە سەر میکانیزمی سەقامگیری ئاسایشی دەڤەرەکە و ڕاییکردنی کاروبارەکانی کراوە، وەک دەردەکەوێت کار و چالاکی هەمەوەندەکان دەسەڵاتدارانی عوسمانی بێزارکردوە، بۆ کۆنترۆڵکردن و سنووردارکردنی جموجۆڵ و چالاکیەکانی هەمەوەند، داواکراوە هێزێکی سەربازی هەمیشەیی لە مەڵبەندی قەزای بازیان نیشتەجێبکرێت، هێزی زیاتریشی لێ دابمەزرێت (باجگر ب٥، ٢٠١٨: ٨٢)، بۆ ئەم مەبەستەش داوای دابینکردنی شوێنی گونجاو کراوە بۆ نیشتەجێکردنی سەربازەکان، ئاماژە بەوە دراوە، خاڵی چاودێری و پشکنین لە قەزای بازیان وەکو پێویست نیە، بۆیە ڕەزامەندی خەرجکردنی پارەی پێویست دراوە بۆ فراوانکردنی خاڵی پشکین لە ناوچەکە، ئەمە لەگەڵ دووبارە جەختکردنەوە لە سەر جێگیرکردنی هێزێکی سەربازی هەمیشەیی لە مەڵبەندی قەزاکە (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ٦٩).

لە لایێکی تریشەوە، زیاد لە جارێک باس لە دامەزراندنی (دیوانی جەنگی عورفیە)(٢)، لە قەزای بازیان کراوە (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ٢٢٥– ٢٢٩)، تەنانەت لە بەڵگەنامەکان جەخت لەوە کراوەتەوە، کە دامەزراندنی ئەو دیوانە لە قەزای بازیان "ڕێکخستنی بۆ دەکرێت" فەرمانی دامەزراندنیشی دەرچووە، ناوی هەندێک لە ئەندامانی دیوانیش دیاریکراوە، کە پێکهاتوون لە (رفعت) سەرۆکی سزای سەنجەقی سلێمانی و یاریدەدەری داواکاری گشتی (شەریفە) لە کەرکووک و (حامد ئەفەندی) ئەندامی دادگای پێداچوونەوەی ولایەتە، تەنانەت باس لە دابینکردنی مووچەکانیشیان کراوە، هەروەها خەرجکردنی کرێی ڕێگای ڕۆژانەی هەریەکێکیان بە (١٠٠) قورش(٣)، دیاریکراوە (باجگر، ب٥ ،٢٠١٨، ٢٢٥– ٢٢٩) هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی تر سەرۆکایەتی قوماندانی سوارەی لیوا (ئالای میر ئەنیس بەگ) وەک سەرۆکی دیوانەکە دەستنیشانکراوە لەگەڵ ئەندامیەتی دەستەیەکی لێکۆڵینەوە لە شەش فەرمانبەر پێکهاتوون، سێ لەو ئەندامانە فەرمانبەری دادوەرین، ئەوانی دیکە ئەفسەری سوپان (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ٢٢٦).

لە کاتی گۆڕانی قائیمقامی قەزای بازیان سەرنجی زۆری دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە سەر ئەوە بووە، کەسایەتی بەهێز و کاریگەر پۆستی قائیمقامی قەزاکە وەربگرن. بۆ نموونە، لە بەڵگەنامەیەکدا ئاماژە بە لاوازی (سەباح بەگ)ی قائیمقام کراوە، لەبەرئەوەی "لێهاتوونیە" و "ڕووودداتە هۆزەکان و نازیان هەڵدەگرێت"، جیا لەو هۆکارە، ئاماژە بەوە کراوە، ناوبراو سەرکەوتوو نەبووە لە بەرقەرارکردنی ئاسایشی ناوچەکە و گرنگی بە داهات نەداوە، بە ڕوونیش ئاماژە بەوە کراوە، کە هەمەوەندیەکان سوود لەو هەلانە وەردەگرن بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکی دژی دەوڵەت، ئەمەش دەسەڵاتدارانی عوسمانی ناچارکردوە سەربازی زیاتر ڕەوانی ناوچەکە بکەن، بۆیە داواکراوە ناوبراو دەستبەجێ لە کارگێڕی دووربخرێتەوە، پێداگیریش لە سەر دانانی بە پەلەی "کەسێکی لێهاتوو"

کراوە (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ١٠٣). تەنانەت لە بەڵگەنامەیەک کە بەرواری دەرچوونی گەڕاوەتەوە بۆ ٢٤ ڕەجەبی١٣٣٦ کۆچی– بەرامبەر٢ مارتی ١٣٣٤ ڕۆمی- ١٩١٨ زایینی، بە ڕوونی ئاماژە بەوە کراوە، لەبەر "کەلەڕەق"ی هۆزەکانی ئاکنجی بووی بازیان، داواکراوە کەسانی بوێر بکرێنە قائیمقامی قەزاکە، بە پەسندیشیان زانیوە لە دانیشتووی ناوچەکانی ئەنادۆل و ڕۆم بن (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ٢٦٨).

جێگای ئاماژەیە، لە زانیاری نێو دووتوێی ئەو بەڵگەنامانە دەردەکەوێت هەندێک لە دەسەڵاتدارە خۆجێییەکانی عوسمانی لە ناوچەکانی هەمەوەند مامەڵەیەکی واقیع بینانەیان لەگەڵ دۆخەکە کردوە، لەم چوارچێوەیەدا، جۆرێک لە نەرمیان نواندوە بەرامبەر هەمەوەندیەکان و نەیان ویستوە لە سەر هەموو سەرپێچیەکیان ئەو ڕێکارە پێویستانەیان بەرامبەر بگرنەبەر، کە کاربەدەستانی عوسمانی لە ئەستانەی پایتەخت داوایان لێ کردوون، هەر لەبەرئەوەش بووە داوای گۆڕین و لە کارلادانیان کراوە .

جموجۆڵ و ڕەفتارەکانی هەمەوەندیەکان لە ناوچەکە فاکتەرێکی گرنگ بووە لەوەی بەرپرسانی عوسمانی لە ولایەتی مووسڵ بەردەوام چاویان لە سەر قەزای بازیان و ناوچەکانی دەوروبەریشی بێت، بە وردی چاودێری جوڵە و هەڵسوکەوتەکانی ئەو هۆزە بکەن، بۆیە لە ڕووی کارگێڕیەوە بە گرنگیەوە لە قەزاکە و کار و چالاکیەکانی قائیمقامەکەشیان ڕوانیوە، تەنانەت لەبەر گرنگی و تایبەتمەندی شوێنی جیۆگرافی ناوچەکە ڕایەکی وا هەبووە، لە شوێنی کەسایەتی مەدەنی "ئەفسەری سەربازی"، بۆ قائیمقامیەتی هەندێک لە قەزاکان دابمەزرێندرێت (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ١٢١)، لە بەڵگەنامەیەکدا پەسندی کارەکانی (ئیبراهیم بەگ)ی قائیمقامی بازیانکراوە بەوەی " کاری زۆر باشی کردوە"، پێدەچێت ئەو پێدا هەڵدانەی عوسمانیەکان بۆ ئەو قائیمقامە بەشێکی لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، ناوبراو "ڕێگەی نەداوە کاری چەتەیی هەمەوەندەکان و چەتەکان پەرەبسەنێت و ڕێگری لێیان کردوە" بە بەڵگەی ئەوەی لە سەرەتادا باس لەڕێگریەکانی دەکات لە دەستدرێژیەکانی هەمەوەند، دواتر لە بارەی دڵسۆزی و کۆششەکانی قائیمقامەکە دواوە (باجگر،٥ ب، ٢٠١٨: ٧٤). هەروەها بە هۆی هەوڵەکانی بۆ نیشتەجێکردنی هۆزەکان، لەگەڵ زیادکردنی داهات و دابینکردنی ئاسایشی ناوچەکە داوای بەرزکردنەوەی پلەکەشی کراوە (باجگر،٥ب ،٢٠١٨: ٧٦) .

پێدەچێت، هەڵسوکەوتی هەمەوەندیەکان لە ناوچەکە قائیمقامەکانی بێزار و تورەکردبێت، تەنانەت هەندێکیانی ناچارکردبێت داوای گواستنەوەی ڕاژەکەیان بکەن، بۆ نموونە، لە بەڵگەنامەیەک ئاماژە بەوە کراوە (ئیبراهیم بەگ)ی قائیمقام لەبەرئەوەی "لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکە ئاوێتە نابێت"، داوای لە دەسەڵاتدارانی ولایەتی مووسڵ کردوە مەرەخەسبکرێت لە ڕاییکردنی کارەکانی قائیمقامیەتی قەزاکە، لە بەرامبەردا ڕاژەکەی بگوازرێتەوە

یەکێک لەقەزاکانی حەلەب، بەڵام لەبەر نەبوونی شوێنی دیاریکراو لە ولایەتی حەلەب داواکراوە هەر لە ولایەتی موسڵ شوێنێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە (باجگر ،ب، ٢٠١٨ : ٧٩). هەروەها ئەو بۆ چوونە بۆ هۆکاری دەست لە کارکێشانەوەی قائیمقامێکی تریش بە ناوی (پەرتو ئەفەندی)یش دروستە، ئەوەتا ناوبراو لەبەر "توند و تیژی هەمەوەندەکان" داوای گواستنەوەی لە کاری قائیمقامی قەزاکە کردوە، بە گۆڕینی بۆ قائیمقامیەتی عەقرە، لەبەرئەوەی بەردەوام بوون لە ئەرکەکەی بۆتە "جێگای مەترسی" لە سەر ژیانی، چونکە "پارێزاو" نەبووە لە شەڕی هەمەوەندیەکان (باجگر، ب، ٢٠١٨: ١٥٢).

بە وردبوونەوە لە زانیاری ئەم بەڵگەنامانە دەگەینە ئەو بڕوایەی، بەڕێوەبردنی کاروباری فەرمی دەوڵەت لە قەزای بازیان کارێکی ئاسان نەبووە، وەک ئیدوارد بارۆن نۆڵد ئاماژەی بۆ کردوە، پۆستە و کاروانی حکومەت بە زەحمەت گوزەریان بە ناوچە هەمەوەندنشینەکان کردوە، وەک دەڵێت: "ساڵی ١٨٩٠ تا ١٨٩١ هەموو ڕێگا و بانی ئەم ناوچەیە گیراون و ئەو کاروان و پۆستەیەی دوو هەفتە جارێک لە بەغداوە هاتووە دەبوایە ١٢٠٠ جەندرمە بیپارێزێت" (نۆڵد، ٢٠٠٤: ١٤)، تەنانەت ژیانی کەسی یەکەمی حکومی لە دەڤەرەکە، کە قائیمقام بووە، کەوتۆتە مەترسیەوە. هەربۆیە پرسی دەستنیشانکردنی کەسی یەکەمی حکومی لە قەزاکە کاربەدەستانی عوسمانی سەرقاڵکردوە، بۆیە لە بیری دانانی کەسانی جەربەزە و گوێڕایەڵ بۆ فەرمانەکانیان بوون، بەلاشیانەوە گرنگ بووە، ئەو کاربەدەستە سۆز و لایەنگیری تەواوی هەبێت بۆیان .

تەوەرەی دووەم: کێشەی نێوان هەمەوەندیەکان و دەسەڵاتدارە خۆجێییەکانی عوسمانی:

لە دوای نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم تا سەرەتای سەدەی بیستەم هەمەوەندیەکان بوونەتە مایەی سەر ئێشە و کێشەی زۆر بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان، بە وردبوونەوە لە هەندێک لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی و سەرچاوەکانی تر، تێبینی کۆمەڵێک فاکتەر دەکەین بۆ دروست بوونی کێشە و ئاڵۆزیەکانی نێوان هەمەوەند و دەسەڵاتدارە خۆجێییەکانی عوسمانی، لەوانەش خراپی هەڵسوکەوتکردنی عوسمانیەکان لە کۆکردنەوەی باج و هەوڵدان بۆ سەپاندنی باجی زۆر و ملکەچکردنی هۆزەکە، بۆ نموونە، مەحمود ئاغای هەمەوەند هۆکاری وەستانەوەیان دژی دەسەڵاتدارانی عوسمانی و پەنابردنی هۆزەکەی بۆ کاری چەتەیی دەگێڕێتەوە بۆ خراپی هەڵسوکەوتکردنی کاربەدەستانی ئەم دەوڵەتە لەگەڵیان، لەم بارەیەوە دەڵێت: "هەرچییەکمان پێ شک بەرن، ئەیانەوێ لێمان بسێنن و هەرچییەکمان لێ بکەن نابێت دەنگبکەین و بەژن: (( قاونوون)) ئی خەلیفە وا ئەفەرموێ. چی بکەن نقە نەکەی. سەرانەی خۆمان و ماڵاتمان و پارە بقەبڵێنین وبیدەین پێیان و ئەگەر پارەت نەوو ئەبێ ماڵ بدەی و ئەگەر هاتی و بەرەنجی شان و زەراعەت و

فەلاحەتت کرد، جا ئەو وەختەش "خەفیە فەندی" دێت وەک ئیزرائیل بۆ سەرت. ئەبێت یا مەڕی بۆ سەر بڕی، یا مریشک دەرخواردی بدەی، هەر وەکو خزمەتکار دەستە و نەزەری ڕاوەستی... . جا ئێمە هەمەوەند، وەک عەشرەتی تر وەک شاری، سەرمان بۆ ئەم حکوومەتە چونکە شۆڕنەکردوەو ئەمانەیان لێ قەبوول ناکەین و لە خۆمان زیاتر خزمەتکاریی بێگانە ناکەین و نەمانکردوە؛ لەبەر ئەمە حکومەت لەشکر دێنێتە سەرمان، ئەمانکوژێت و تالانمان دەکا" (شەوقی،٢٠٠٣: ٨٣-٨٤).

سەپاندنی سیاسەتی سەربازی بەزۆر و هەوڵدان بۆ بەزۆر نیشتەجێکردنی هۆزەکان بە تایبەتی دوای دەستبەکاربوونی مەدحەت پاشا وەک والی بەغدا (١٨٦٩-١٨٧٢) و چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ نیشتەجێکردنی بەزۆری هۆزەکان، فاکتەرێکی دیکەی بەریەکەوتنی هەمەوەند و عوسمانیەکان بووە، بۆ نموونە، لە بەهاری ١٨٦٩ هەمەوەندیەکان چەکیان دژ بەو والییە هەڵگرتوە، هەروەها لە چەندین جار و زۆر ناوچە ڕووبەڕووی هێزە فەرمیەکانی ولایەتی بەغدا بوونەتەوە (محەمەد ئەمین ،٢٠١٥: ٢٠٩-٢١٠) .

شایەنی باسە، بە مەبەستی جێگیرکردنی دەسەڵاتیان لە ناوچە کوردیەکان، دەوڵەتی عوسمانی پەنای بۆ ڕێگا و میکانزمی جۆراوجۆر بردوە، لەوانە هەوڵدان بۆ بەگژیەکدابردنی هۆزە کوردیەکان و خەریککردنیان بەیەکتریەوە و پاڵپشتیکردنی لایەکیان تاوەکو بتوانن لەم ڕێگایەوە سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەیان بە سەردا بسەپێنن و ملکەچیان بکەن و لە نێو خۆیان لاواز و یەکگرتوو نەبن، بۆ نموونە، لە کاتی شەڕی هەمەوەندیەکان لەگەڵ هۆزی زەنگەنە لە ساڵی ١٨٧٨ عوسمانیەکان هاوکاری هۆزی زەنگەنەیان کردوە دژی هەمەوندیەکان، هەروەها دوو ساڵ دواتریش لە ململانێی نێوان جاف و هەمەوەندیەکان پاڵپشتی جافەکانیان کردوە (عەلیاوەیی ، ٢٠٠٤: ١٠٢-١٠٤). لە لایەکی دی لە هەوڵێکدا هۆزی جاف مەبەستیان بووە نزیکەی (٢٠٠٠) خانەی بەخێوکردنی مەڕوماڵات بگوازنەوە قەزای بازیان لەگەڵیشدا خۆشیان نیشتەجێبکەن، لە لایەنی خۆیانەوە هەمەوەندیەکان هەوڵیانداوە لە ڕێگای کۆکردنەوەی واژۆ لە مەڵبەندی چەمچەماڵەوە، کە نێردراوە بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ولایەتەکانی موسڵ و دیاربەکر، داوایانکردوە ڕێگریبکرێت لە ئاکنجی بوونی ئەو هۆزە لە ناوچەکانیان (باجگر، ب٥، ٢٠١٨ : ٦٣). بەڵام هیچ ئاماژەیەک بەدینەکراوە بەوەی بەرپرسانی عوسمانی هەوڵییاندابێت ڕێگریان لەو هەوڵەی جافەکان کردبێت.

بوونی بەردەوامی هەمەوەندیەکان لە قەزای بازیان و ناوچەکانی دەوروبەری مەترسیەکی جیدی دروستکردبوو لە سەر ڕێگای سەرەکی کەرکوک - چەمچەماڵ – سلێمانی، کە بۆ دەوڵەتی عوسمانی جێگای بایەخ و سەرنجی زۆر بووە، لەم بارەیەوە مێجەر سۆن دەڵێت: "تەنانەت سەربازەکانی عوسمانی لە ترسی

هەمەوەند هەر نەیتوانیووە ڕێگای سلێمانی بگرنەبەر، زۆر بە زەحمەت گەیشتۆتە ئەوێ" (کەریم بەگ،٢٠١١: ١٣-١٤)، جیا لە دەستدرێژی کردنەسەر هێزەکانی سەر بە دەوڵەت، تەنانەت لە هەندێک باردا هەمەوەندیەکان دەستیان لە دەستدرێژی کردنەسەر کاروانەکانی کورد و کاروانە بازرگانیەکانی غیرە کوردیش نەپارستوە، ئەمەش خاڵێکی دیکەی ناکۆکی و بەریەکەوتنەکانی نێوان هەردوولا بووە. ئەوەتا مەحمود ئاغای هەمەوەند ئاماژە بەو خواردنە دەکات لە مانگی ڕەمەزان ڕۆژویان پێشکاندوە لە تالانی کاروانەکانی ئەو ڕێگایە دەستیانکەوتوە، وەک دەڵێت: "گوێز و مێوژ و باسوقە، کە هی کاروانی هەورامی و سنەیە، خورما و پرتەقاڵ و لیمۆکەش هی کاروانی بەینی خانەقین و بەغدایە" (شەوقی، ٢٠٠٣: ٨٣).

لەلایەکی دیکەوە ملکەچ نەبوونی هەمەوەندیەکان بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی، هەوڵدانیان بۆ لێدانی دام و دەزگاکان، لەوانەش بنکەکانی پۆلیس لە ناوچەکە، فاکتەرێکی دیکەی بەریەککەوتنی هەردوولا بووە، بۆ نموونە، لە ١٢ی مایسی ١٣١٥ڕۆمی-١٨٩٩ زایینی بە هاوکاری هۆزی شوان، هەمەوەندیەکان هەڵساون بە تێکدانی هێڵی تەلگرافی نێوان چەمچەماڵ کەرکوک، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دووبارە نەبوونەوەی ئەم دیاریدەیە دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ناوچەکە ئاگادارکراونەوتەوە ئامادەکاری باش بکەن بۆ پارێزگاریکردن لەو هێڵانە، چونکە هەمەوەندیەکان و ئەندامانی هۆزی شوان "بەردەوام دەستدرێژی دەکەنەسەر هێڵی تەلەگراف و چاوشەکان" (باجگر،ب ٥، ٢٠١٨: ١٢٥)، هەروەها جەخت لەوە کراوەتەوە، ئەو مەفرەزە ٣٠ سوارە ئێستەرەی بڕیار بووە لە چەمچەماڵ جێگیربکرێت بۆ ڕێگریکردن و قەدەغەکردنی وێرانکردنی هێڵی تەلگرافەکان و ڕاگرتنی سنووربەزاندنەکانی هۆزی هەمەوەند، ناتوانێت وەک پێویست بەو ئەرکە هەڵبستێت، بۆیە بیرۆکەی زیادکردنی هێزێکی سوارە لە ١٠٠ کەس کەمتر نەبێت، لە ژێر فەرمانڕەوایی ڕاستەوخۆی ئەفسەرێک پەسندکراوە (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ١٩٤) .

ڕووبەڕووبونەوەی هەمەوەندیەکان لەگەڵ تابور (٤)، و سەربازەکانی سوپای عوسمانی لە چەمچەماڵ خاڵێکی دیکەی گرژی نێوان هەردوولا بووە، بۆ نموونە، لە ١٦ ئابی ١٣١٧ ڕۆمی – ١٩٠١ زایینی ڕووبەڕووبونەوە و پێکدادان لە نێوان تابورەکانی عوسمانی لە چەمچەماڵ لەگەڵ هەمەوەندیەکان ڕوویداوە، داواکراوە ئەو تابورە بە تابورێکی دیکە بگۆڕدرێتەوە، پەلەشبکرێت لە گێڕانەوەی ئەو بەشەی ماوە لە کەلوپەلە دزراو و تالانکراوەکانی تابورەکە، هەروەها فەرمانبەری مولکیە (مەدەنی) و سەربازی ڕاسپێردراون بە هاوبەشی لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە بکەن و ئەنجامەکەشی ڕابگەیەنن، بۆ ئەم مەبەستە ڕێنمایی تایبەت لە موتەسەریفیەتی کەرکوک و فیرقەی قوماندارییەتی دەرکراوە (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ١٤٠).

لە لایێکی دیکەوە لە ئەنجامی کوژرانی (سەید نوری) ناوێک، کە خزمی شێخانی سلێمانی بووە، لە لایەن هەمەوەندیەکانەوە، لە ٢٤ مارتی١٣٢١ ڕۆمی-١٩٠٥ زایینی لایەنی بەرامبەر بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتباران، پەنایان بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ناوچەکە بردوە، لە بەرامبەریشدا دەسەڵاتداران جەختیان لە تەمبێکردنی هەمەوەندیەکان کردۆتەوە، بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارانیش موتەسەڕیفی سلێمانی ئاگادار کراوەتەوە لە ڕووداوەکە، هەروەها دووبارە ڕێکخستنەوەی هەیکەلیەتی کارگێری ناوچەکە و گۆڕانی قائیمقامی بازیان بە "قائیمقامێکی لێهاتوو" بە گرنگ زانراوە (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ١٦٩)، لە بەر ئەنجامی ئەم ڕووداوە، هەمەوەندیەکان هێرشیانکردۆتە سەر قەزای بازیان و زیانی (١٠٠٠٠) لیرەیان بە قەزاو پۆستەی شارەکە گەیاندوە، هەروەها جەخت لەوە کراوەتەوە، ئەو قائیمقامانەی لە خەڵکانی دەرەوەی قەزاکە دادەمەزرێن، وەک پێویست ناتوانن لە کاتی ڕووداوەکان کۆنترۆڵی باردۆخەکە بکەن، ئەوەش وەک هۆکارێک لێکدراوەتەوە بۆ دەستگیرنەکردنی چەندین "تاوانبار و سزادراو" لە ماوەکانی ڕابردوو، هاوکات هۆکاریش بووە لە نەپاراستنی "خەڵکی هەژار"ی نیشتەجێبووی قەزاکە، بۆیە پێشنیازی دامەزراندنی بە پەلەی قائیمقامێکی دیکە کراوە بە ناوی (بابا ڕەسول سەید ئەحمەد ئەفەندی) (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ١٧٩). ئەوەش پێچەوانەی ئەو بڕوایەی پێشووی کاربەدەستانی عوسمانی بووە، کە وای بۆ چووبوون دەستنیشانکردنی خەڵکی لە دەرەوەی سنووری قەزاکە فاکتەرێکی کاریگەر دەبێت بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئارامی ناوچەکە.

جێگای ئاماژەیە، پەلاماردانی زەویەکانی هاوولاتیان لە لایەن هەمەوەندیەکانەوە هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی عوسمانیەکان بەردەوامی هێزی زیاتر ڕەوانەی ناوچەکە بکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی هەمەوەندیەکان، تا دەستیان کراوەتر بێت لە لێدانیان، بۆ نموونە، پەلاماردانی هەمەوەندیەکان بۆ سەر زەویە کشتوکاڵیەکانی شێخ (سەعید ئەفەندی) ناوبراوی ناچارکردوە دەستبەرداری گوندەکانی بێت، بە مەبەستی گەڕانەوەی موڵکە تاڵانکراوەکانی و "ڕێگەگرتن و تەمبێ" کردنی هەمەوەندیەکان داواکراوە، هێزی عوسمانی زیاتر لە ناوچەکە دابمەزرێت (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ١٩٦).

تەوەرەی سێیەم: پەیوەندی هەمەوەندیەکان لەگەڵ هۆزە کوردیەکان:

لەڕاستیدا کێشە و ناکۆکیەکانی هۆزی هەمەوەند تەنیا لەگەڵ دەسەڵاتدارنی عوسمانی و قاجاری قەتیس نەبووە، بەڵکو هەمەوەندەکان لەگەڵ هۆزە نیشتەجێبووەکانی دەوروبەریشان لە ململانێدا بوون، ئەم ململانێیە بۆ ئەو ڕۆژگارەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە داگیرکەرەکان دابووە، کارێکی باوبووە، بە هۆی هاندانی هەندێکیان لە دژی هەندێکی دیکەیان (شەریف ،٢٠٠٥ : ١٣١) هەندێکجاریش دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە هەوڵی

دووبارەكینانەوە بوون لە نێوان هەمەوەندیەكان و هۆزە نیشتەجێبووەكانی دەوروبەریان. لە ڕاستیدا ئەو هۆكارە بە تەنیا فاكتەری سەرەكی ئەو ململانێیە نەبووە، بەڵكو چەند هۆكارێكی دیكەش ڕۆڵیان هەبووە، لەوانە دواكەوتنی ئاستی هۆشیاری لە لای تاكی كورد و زاڵ بوونی بیری هۆزگەری و بوونی كێشەی زەوی و زار و موڵكداری، لەوانەش مافی لە وەڕاندن و ئاودێری، لەگەڵ پرسە كۆمەڵایەتیەكانی وەک تۆڵەی خوێن، ئابڕۆ، ژنهەڵگرتن و لاقەكردن (جویدە، ٢٠٠٨: ٨٣–٩٠ ) لە لایێكی دیكە داڵدەدان و پەنادانی تاوانباران و پاراستنی بكوژانی هۆزێک لە لایەن هۆزیكی دیكە فاكتەرێكی گرنگی ناكۆكی و ململانێ بووە، باشترین نموونە، داڵدەدانی بكوژانی حەمە پادشای جاف بووە لە لایەن جوامێر ئاغای هەمەوەند لە ساڵی ١٨٨٠ لە ئەنجامدا شەڕی نێوان هۆزی جاف و هەمەوەندەكانی لێكەوتۆتەوە (قادر، ٢٠١٦ : ٥٩–٦٠ ).

بەشێک لە بەڵگەنامەكانی عوسمانی تیشكیان خستۆتەسەر ناكۆكی و ململانێی هەمەوەندیەكان لەگەڵ هۆزە كوردیە نیشتەجێبووەكانی نزیكی خۆیان، لەوانە هۆزەكانی شوان، تاڵەبانی و شێخ بزێنی.(5)

١- ناكۆكیەكانی نێوان هەردوو هۆزی هەمەوەند و شوان:

هۆزی شوان(٦)، یەكێكە لەو هۆزانەی لە ساڵەكانی كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ناكۆكی و ململانێی لەگەڵ هەمەوەندیەكان هەبووە، ئەمەش زادەی چەند فاكتەرێک بووە، لەوانە دوای ئاكنجیبوونی هەمەوەندیەكان لە بازیان و چەمچەماڵ سنووری هەردوو هۆز لێكنزیک بۆتەوە، بە جۆرێک تێكهەڵكێشی یەكدی بووە(محەمەد ئەمین ، ٢٠١٥: ١٥١)، تەنانەت لە سەردەمی عوسمانی لە ڕووی كارگێڕیەوە شەش بۆ حەوت گوندی هۆزی شوان سەر بە قەزای چەمچەماڵ بووە (خورشید، ٢٠١٢: ١٢٤) لە لایەكی دیكە، هەوڵەكانی هەردوولا بە تایبەت هەمەوەندەكان بۆ فراوانكردنی سنووری دەسەڵاتی هۆزەكەیان لە سەر هەژموونی هۆزە دراوسێكانیان و لەخۆگرتنی مسكێنە هەڵاتووەكانی هەردوولا لە لایەن سەرۆک هۆزەكانیانەوە، هۆكارێكی دیكەی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوانیان بووە (محەمەد ئەمین ، ٢٠١٥: ١٥١–١٥٢).

بەڵگەنامەیەكی عوسمانی ڕێكەوتی دەرچوونی بۆ ٢٧ تەمموزی ١٣١٤ ڕۆمی ٨ ئابی ١٨٩٨زایینی دەگەڕێتەوە، هۆزی هەمەوەندی بەدەستپێشخەری هێرشكردنە سەر هۆزی شوان تۆمەتبار كردوە، بەڵگەنامەكە هۆزی شوانی بە " گوێڕایەڵ و بەدەمەوەهاتنی هەموو داواكارێک" بۆ دەوڵەتی عوسمانی وەسف كردوە، ئاماژەش بەوە كراوە، هەمەوەندیەكان زیاد لە دە گوندی هۆزی شوانیان سووتاندوە، هاوكات موڵک و ماڵ و ئاژەڵەكانیشیان تاڵان كردوون. هەروەها دانیشتوانی شەش گوندی ناوچەكانی سەر بەو هۆزە لە قەزای بازیان لە ترسی دەستدرێژی هەمەوەندیەكان بە ناچاری گوندەكانیان چۆڵكردوە. بە مەبەستی كۆنترۆڵكردنی جموجۆڵ و چالاكیەكانی

هەمەوەندیەکان و کۆتایی هێنان بەدەستدرێژیەکانیان دژ بە دانیشتوانی ناوچەکە " کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندا  بووە" دەسەڵاتدارانی عوسمانی زیادکردنی ژمارەی هێزە سەربازیەکانیان لە ولایەتی موسڵ بە فاکتەرێکی کاریگەر زانیوە بۆ بێدەنگکردن و کۆتایی هێنان بە چالاکیەکانی ئەم هۆزە، لەم چوارچێوەدا بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دەستدرێژیەکانی هەمەوەندیەکان و بەرقەرارکردنی ئاسایشی ولایەتەکە و نەهێشتنی ئاژاوە و پشێویەکان لەم ولایەتە، بە گوێرەی زانیاریەکانی بەڵگەنامەکە، هەمەوەندیەکان هۆکاری سەرەکی ئەو دۆخە بوون، داواکراوە لە کاتی پێویست هێزی سەربازی لە ولایەتەکە زیادبکرێت، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە داڵدەدانی "چەتەکان" لە کاتی بەدواکەوتن و تەمبێکردنیان، ئامادەکردنی ژمارەیەک سەربازی سوارە لە لایەن سەرۆک هۆزکانەوە بە پێویست زانراوە، بۆئەوەی  یاوەری ئەو هێزە سەربازیە بکەن، کە بڕیار بووە لە بەغداد ئامادەبکرێت و ژمارەیان لە نێوان (٤٠٠-٥٠٠) سەرباز  بێت و لە ژێر فەرماندەیی میر ئالای (بەکر بەگ) دابێت، بەپێی  زانیاری ناو دوو توێی بەڵگەنامەکە، ناوبراو لە ماوەکانی پێشوو بەژداربووە لەو مەفرەزانەی چەند جارێک بۆ مەبەستی ڕاوەدوونانی هەمەوەندیەکان پێکهێنراون، هاوکات شارەزای ناوچەکە و سروشتی هۆزەکانیش بووە. ئەمە و سەرباری توانا و لێهاتوویی ئەو فەرماندەیە بۆ کاری لەم جۆرە (مراد، ٢٠٠٥: ٨٤- ٨٥ ) .

بە وردبوونەوە لەو بەڵگەنامەیە بۆمان دەردەکەوێت دەوڵەتی عوسمانی قینی زۆری لە هەمەوەندیەکان بووە، بۆیە بەدەستپێشخەری هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان هەردوو هۆز تۆمەتباریان دەکات، جیا لەوەش لەو ڕاپۆرتانەی کاربەدەستە خۆجێییەکانی عوسمانی بۆ دەسەڵاتدارانی ئەستانەیان بەرزکردۆتەوە، بەردەوام هەمەوەندیان بەدەست پێشخەری هێرشکردن بۆ سەر هۆزی شوان تۆمەتبارکردبوو، گەرەکیان بووە لەو ڕێگایەوە ڕەزامەندی سوڵتان بەدەستبهێنن بۆئەوەی هێزەکانی عوسمانی لە ناوچەکە هاوکاری هۆزی شوان بکەن بۆ هێرشکردنە سەر هەمەوەندیەکان، هاوکات هۆکاری ئەو پیاداهەڵدانە بە هۆزی شوان بە دوور نازانرێت هەر بۆئەوە بگەڕێتەوە، کەوا هۆزێکی گوێڕایەڵ و بێکێشەبوون بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی. هەروەها ڕەنگ بێت هەرئەوەش هۆکارێک بووبێت لە تۆمەتبارکردنی هەمەوەندیەکان بەدەستپێشخەری هەڵگیرساندنی شەڕ. ئەگەرچی هەمەوەندیەکان ناڕەزایی خۆیان گەیاندۆتە لای موتەسەڕیفی سلێمانی و هۆزی شوانیشان بەوە تۆمەتبارکردوە، هێرشیان کردۆتە سەریان و چەندین جار سوارەکانی ئەو هۆزە گوندەکانیان گەمارۆ داون، بەڵام کاربەدەستانی عوسمانی لە ناوچەکە گوێیان بۆ هەمەوەندیەکان نەگرتوە، بەردەوام بە درۆیان خستوونەتەوە و لایەنگیری هۆزی شوانیان کردوە (محەمەد ئەمین ، ٢٠١٥: ١٥٢).

شایەنی باسە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیداوە هەردوو هۆزی هەمەوەند و شوان ئاشتبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە ١٤ ئەیلولی ١٣١٤ ڕۆمی-١٨٩٨ بە ئامادەبوونی سەرۆک عەشیرەت و گەورە پیاوانی هۆزەکانی شێخ بزێنی، شوان و هەمەوەند، لەگەڵ دەستەیەکی ئاشتکردنەوە لە کەرکوک و سلێمانی کۆبوونەتەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و ناکۆکیە بەردەوامەی لە بەهاری ئەو ساڵەوە سەریهەڵدابوو، بە ڕەزامەندی لایەنە ناکۆکەکان دەستەکە گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی، زیانە گیانی و ماددیەکانی هەردوولایەنی شەڕکەر وەک یەک وابووە، بۆیە هیچ ماف و خوێنێک نەکەوتۆتە سەر هیچ لایەکیان و بە "دڵێکی سافی تەواو، بە تەوقەکردنەوە ئاشت بوونەوەیان" کردوە، بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە دەبوایە، هەمەوەندیەکان لە ماوەی تەنها بیست و یەک ڕۆژ ئەو سەد چەک و چوار ئێسترەی لە شوانەکانیان بە تالانبردبوو بۆیان بگێڕنەوە، بە مەبەستی بەهێزکردن و بەردەوامبوونی ئاشتەواییەکە و پارێزگاریکردن لە ئاسایشی ناوچەکە، لە سەر چەند خاڵێک ڕێککەوتوون (مراد، ٢٠٠٥: ٨٨-٨٩).

لە دوای واژۆکردنی ئاشتبوونەوەکە، پێداگیری لە سەر ئەنجامدانی چاکسازی و بەردەوامی ئاشتەواییەکە و سەرخستنی پرۆسەکە کراوەتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی نەریتی هۆزایەتی و پارێزراوبوونی ئاشتەواییەکە بۆ ئەم مەبەستە فەرمانبەرانی تایبەت بە ئەنجامدانی ئەو کارە ڕەوانەی قەزای بازیان کراوە (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ١١٧-١١٩).

لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٨٩٨ هەریەک لە موفتی کەرکوک (حەسەن سامیح) و (ئەحمەد ڕفەعت) ئەندامی کارگێڕی شارەکە، ڕاپۆرتێکیان بۆ والی مووسڵ ڕەوانکردوە، تیایدا سەرنج و تێڕوانینەکانی خۆیان لەبارەی ئاشتبوونەوەکە خستۆتەڕوو، داوای گواستنەوەی ڕاژەی قائیمقامی قەزای بازیان (عزتلو عبدوالقادر) یان کردوە، لە شوێنی ئەویش پێشنیازی دانانی کەسێکی سەربازیان کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا بوون دەسەڵاتێکی فراوانی پێبدرێت لەوانە هەڵگرتنی چەک لە کاتی پێویست، سەد چەکداریشی لە ژێردەستدا بێت، هاوکات داوا کراوە یوزباشی (هەمەوەند دولت یار) بگەڕێندرێتەوە سەر کارەکەی لە ناو سوپا و دواتر بگوازرێتەوە ناوچەکانی دەرەوەی کەرکوک، ئەوەش ڕوونکراوەتەوە لە کاتی ڕەزامەندی دەربڕین لە سەر ڕاپۆرتەکەیان ئەوا هێمنی و ئارامی باڵ بە سەر ناوچەکانی کەرکوک دەکێشێت (العلیاویی، ٢٠٠٥: ١٧٦).

جێگای ئاماژە پێکردنە، ئەم هەوڵەی عوسمانیەکان تەواو پێچەوانە و دژە لەگەڵ ئەو سیاسەتەی لە ماوەکانی پێشووتر بەرامبەر هۆزە کوردیەکان گرتبوویەبەر، کە بریتیبوو لە دروستکردنی کێشە و دووبەرەکی لە نێوانیان، هاوکات پیادەکردنی ئەو سیاسەتە ئەو بۆچوونەش ڕەتدەکاتەوە، گوایە عوسمانیەکان هیچ هەنگاوێکیان بۆ

چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەو دوو هۆزە نەناوە، بگرە جەخت لەوەش دەکەنەوە بەردەوام کاریان لە سەر خۆشکردنی ناکۆکی نێوان ئەو دوو هۆزە کردوە (محەمەد ئەمین ،٢٠١٥ : ١٥٢)، لەگەڵ ئەوەشدا بە دوور نازانرێت، ئەو هەوڵەی عوسمانیەکان بۆ چەند مەبەستێک بووبێت، بەر لە هەموو شت کێشەی هەمەوەندیەکان لەگەڵ هۆزێک بووە، وەک باسکرا، عوسمانیەکان زۆرلێیان ڕازیبوون، وەک هۆزێکی گوێڕایەڵ و نزیک لە خۆیان هەژماریانکردوون، جیا لەوەش بۆ عوسمانیەکان گرنگ بووە ناوچەی نیشتەجێبوونی هەمەوەندیەکان ئارام بێت، بە تایبەتی ڕێگای سەرەکی نێوان کەرکوک - سلێمانی کە جیا لە گرنگیە ستراتیژییەکەی بایەخێکی ئابووری- بازرگانیشی هەبووە، لە لایەکی تر ئەو شەڕەی نێوان هەردوو هۆز دوای پرۆسەی دوورخستنەوەی بەشێک لە هەمەوەندیەکان بۆ ناوچەکانی تەڕابولسی ڕۆژئاوا و گەڕانەوەی بەشێک لەو خانەوادانە ڕوویداوە، بە دوور نازانرێت، لەو سەروبەندەدا ئەو هەوڵەی عوسمانیەکان بەشێکی لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کەوا گەیشتبنە جۆرێک لەو بڕوایەی، پیادەکردنی سیاسەتی دوورخستنەوە و توندوتیژی بەرامبەر هەمەوەندیەکان لە ماوەکانی ڕابردوو ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتۆتەوە، بۆیە چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان هەمەوەند و شوانیان بە وێستگەیەک زانیبێت بۆ دووبارە چاوگێڕانەوەی هەمەوەندیەکان بە مامەڵەی خۆیان بەرامبەر عوسمانیەکان و ڕاکێشانی سۆزی تاکەکانی ئەم هۆزە بە لای خۆیان .

پێدەچێت، عوسمانیەکان سەرکەتوو بووبن، لە هەوڵەکانیان بۆ ئاشتکردنەوەی هەردوو هۆز. بە بەڵگەی ئەوەی دوای حەوت ساڵ لە واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە بە دیاریکراوی لە ساڵی١٩٠٧ مێجەر سۆن لە چوارچێوەی گەشتەکەی میسۆپۆتامیا و کوردستان، لە نێویشاندا ناوچەکانی ناو شوان، کە مەڵبەندی نیشتەجێبوونی هۆزی شوان بووە، هاوکات بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەمەوەندیەکانیش گوزەریکردوە، ئاماژەی بە جۆرێک لە خۆشی و دۆستایەتی نێوان هەردوو هۆزەکە کردوە وەک دەڵێت: "ئێمە ئێستا لە ناو خاکی ناوشواندا باشین و تا ڕێگاکەمان بەوێدا بڕوات پارێزاوین، لەبەرئەوەی هەمەوەند لە ناوچەی خۆیان نایەنە دەرەوە بۆ ناوچەی شوان لەگەڵ ئەوەی، کە ئەوان دۆستن..." (سۆن، ٢٠١٨: ١٧٦).

٢- شەڕی نێوان هەمەوەند و هۆزی شێخ بزێنی:

لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ڕێکەوتی دەرچوونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٧ ئەیلوولی ١٨٩٨ هاتوە، موتەسەڕیفیەتی سلێمانی ڕایگەیاندوە پشتبەستوو بەو زانیاریانەی سەرانی هەمەوەند بۆیان دووپاتکردۆتەوە، هۆزەکانی شوان و شێخ بزێنی گەمارۆی هەردوو گوندی ( بربادي - پیریادی و مزاقه - مظفر)(٧) ی سەر بە هەمەوەندیەکانیان داوە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە لە هەواڵەکە دەرکەوتوە، ئەو دوو گوندە لە لایەن هەر دوو هۆزەوە

گەمارۆ نەدراون، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە، چونکە لە بنەڕەتدا دوو سەد چەکداری هەمەوند هێرشیانکردبووە سەر ئەو گوندانەی دەکەوتنە نێوان قەزاکانی زێبار و شوان (مراد ، ٢٠٠٥: ٨٦) .

لە ڕاستیدا هێرشکردنە سەر قەزای زێبار بۆئەوە دەگەڕێتەوە بەشێک لە ئەندامانی سەر بە هۆزی شێخ بزێنی ئاکنجی قەزاکە بوون (العلیاویی، ٢٠٠٥: ١٧٥). هەروەها هەمەوەندیەکان هەڵساون بە سوتاندنی ئەو گوندانەی دوو کاتژمێر و نیو لە کەرکوکەوە دووربوون، ئەوەش ئاشکرا کراوە، لە ماوەکانی ڕابردووش هەمەوەندیەکان لە ڕێگای پەنابردنەبەر کۆمەڵێک فرتوفێل و دەربڕینی گلەیی و نارەزایی، لەدەستدرێژیەکانیان نەوەستاون، لە یەکەم هێرشیان  شازدە گوندی هۆزی شوانیان سووتاندوە، هەروەها جەخت لەوەش کراوەتەوە، پشتگوێخستنی ئەم دەستدرێژیانە دەبنە وێرانبوونی ناوچەکە، بە گوێرەی زانیاریەکانی بەڵگەنامەکە هەمەوەندیەکان گوێ بۆ ئامۆژگاریەکانی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ناگرن، دەستبەرداری هێرشەکانیان نابن، بۆیە لە کۆتایی بەڵگەنامەکەدا تەمبێکردنی هەمەوەندیەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازی بەشێوەیکی خێرا، بە تاکە فاکتەری زامنی دووبارە نەبوونەوەی ئەم ڕووداوانە لێکدراوەتەوە، هاوکات داواکراوە ئەوانەی ئەم جۆرە ڕەفتارانە هاندەدەن لە ناو هەردوو هۆزی شوان و شێخ بزێنی تەمبێبکرێن (مراد،  ٢٠٠٥ : ٨٧).

لە کاتی پرۆسەی ئاشتەوایەکە نێوان شوان هەمەوەندیەکان و هۆزی شێخ بزێنی، ئامادەی ڕێوڕەسمەکە بوون چوونەتە پاڵ شوان ( باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ١١٦)،  وەکو هاوپەیمانێکی ئەوانیش دەرکەوتوون. بە دوور نازانرێت، هۆکاری ئەوەش هەر بۆئەوە بگەڕێتەوە، کە هۆزی شێخ بزێنی هاوشێوەی شوان دووچاری دەستدرێژی  و نارەحەتی بوونەتەوە لە لایەن هەمەوندیەکانەوە .

لە لایەکی دی، بە هۆی تالانیکردن و سەرانەسەندن لە هەموو گوندەکانی دەشتی کۆیە، لە لایەن هەندێک لەچەکدارانی هەمەوەند، ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان ئەوان و سمایل ئاغای شێخ بزێنی ڕوویداوە، لەبەر ئەنجامدا هەمەوەندیەکان شکاون و "بە یەکجاری پەڕینەوە ئەو بەری زێ" (حویزی، بێ ساڵی چاپ: ٩٧-٩٨)         .

٣ -پێکدادانی نێوان هەمەوەند و تاڵەبانیەکان:

لە بەڵگەنامەیەک بەرواری دەرچوونی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی کانوونی یەکەمی ١٣١٤ ڕۆمی -١٨٩٨  ئاماژە بە ڕوبەڕوبونەوە لە نێوان هەردوو هۆزی تاڵەبانی و هەمەوەندیەکان کراوە(باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ١١٣)، بەدوور نازانرێ هاوسنوور بوونی هەردوو هۆزەکە مەسەلەی کوشتن و تالانکردنی موڵکەکانی یەکتر هۆکاری سەرەکی ڕوبەڕوبونەوەی نێوانیان بووبێت، بەڵام پێناچێت ڕوبەڕوبونەوەکان درێژەیان کێشابێت و قوربانی زۆریشی لێنەکەوتۆتەوە، بەبەڵگەی ئەوەی ئەو پێکدادانە لە سەرچاوەکان تیشکی نەخراوەتە سەر، هەرچی بەڵگەنامەکانی

عوسمانی ماوەی توێژینەوەکەیە زۆر بەکورتی ئاماژەیکی خێراو سەرپێیان بۆی کردووە (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ١١٣-١١٨)، بۆ نموونە هێما بەوە کراوە لەبەر شەڕ وکوشتاری نێوان هەردوو هۆز (عەلی فەتاح)ی سەرۆکی فیرقەی هەمائیلی هەمەوەند لەگەڵ سی وپێنج کەس لە خانەوادە نزیکەکانی، بەناچاری شاری کەرکوکیان جێهێشووە، لە قەزای بازیان نیشتەجێ بوون، ناوبراو داوای کردووە خۆی ئەو سی وپێنج کەسە لەناوچەکانی دەوروبەری مووسڵ نیشتەجێ بکرێن، لەڕیزی سوپا تۆمار بکرێن و مووچەی مانگانەشیان لەسندوقی دارایی ولایەت بۆ تەرخان بکرێت (باجگر ،ب٥ ، ٢٠١٨: ١١٣-١١٨).

تەوەری چوارەم: دوورخستەوەی هەمەوەندیەکان:

لە دوای دەرکردنی بڕیاری گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانی بۆ هەرێم و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی، ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانی کەوتە لێدانی دەسەڵاتی میرە کوردەکان و ڕوخانی میرنشینەکانیان، لە سەرەتادا لە میرنشینی سۆران لە ساڵی ١٨٣٦ دەستیپێکرد، لە ساڵی ١٨٥١ بە ڕوخانی میرنشینی بابان پرۆسەکە کۆتاییهات (الدوسکی،٢٠٠٢: ٩١-١٠٢)، لەم چوارچێوەدا سیاسەتی دوورخستنەوەی میر و بەشێک لە دانیشتوان و کەسایەتیە نزیکەکانی ئەو میرانەشی بۆ ناوچە دوورە دەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەوروپا، حیجاز و تەڕابلوسی لیبیا پیادەکردوە (ناسر،٢٠١٣: ٢٨٧ -٣٣٢ ؛ هاکان، ٢٠١٢: ٢٤٤-٣٢١) .

ئەوەی تایبەتە بە هەمەوەندەکان، لە دوای کوژرانی جوامێر ئاغا لە ساڵی ١٨٨٦ نەمانی دەسەڵاتیان بە سەر ناوچەکانی زەهاو و قەسری شیرین و پەرتەوازەبوونیان لەو دەڤەرە، دابەشی سەر سێ بەش دەبن، بەشێک لە ئەندامانی ئەو هۆزە کشانەوە بۆ ناوچەکانی قەرەداغ، محەمەد پادشای داغستانی، داوای لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی کرد لە هەمەوەندیەکان خۆشبێت(مدرس و عبدالكريم،١٩٨٠: ٤٣)، دوای وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی گوازراونەتەوە بۆ مەڵبەندی ولایەتی موسڵ لە کەمپی تایبەتیدا نیشتەجێ و دەستبەسەرکراون، بەشێکی تریشیان بە ناچاری خۆیان ڕادەستی (حوسام ئەلمەلیک)ی سەرکردەی هێزەکانی ئێرانی کردوە، ئەویش ڕادەستی دەوڵەتی عوسمانی کردونەتەوە. هاوکات بەشێکی دیکەی هەمەوەندەکان بە نهێنی دەگەڕێنەوە ناوچەکانی بازیان، بەڵام لە لایەن مەئموری چاکسازی کەرکوک (ئیسماعیل حەقی) دەستگیردەکرێن و ڕەوانەی ولایەتی موسڵ دەکرێن (محەمەد ئەمین ، ٢٠١٥: ٢٣٤-٢٣٥).

لە ١٥ی تەمووزی ١٣٠٣ ڕۆمی-١٨٨٧ زایینی (ئیسماعیل حەقی) لە ڕێگای بروسکەیەکەوە ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی ئاگادارکردۆتەوە لە نیشتەجێکردنی هەمەوەندیەکان، لەوانەش سەد و چل و چوار خێزان لە موسڵ و سی و سێیان لە ماردین و چل و شەش خێزانیش لە هەکاری. لە هەوڵی ئەوەش بووە دەسەڵاتدارانی

عوسمانی ڕازی بکات بە دوورخستەوەی هەمەوەندیەکان بۆ ئەنادۆڵ، بە تۆمەتی ئەوەی لە شوێنی دەستبەسەرکردنیشیان بەردەوامن لە دەستدرێژی، هاوتەریب مامەڵەشیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە خراپ بووە(یوسف، ١٩٩٩: ٩٥-٩٤ ؛ مراد، ٢٠٠٥: ٤٥). هەروەها (ئیسماعیل حەقی) هەوڵیداوە لە ڕێگای ڕازیکردنی دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەمەوەندیەکان دووربخاتەوە بۆ جەزائیر، بۆ ئەم مەبەستە پەنای بردۆتەبەر کۆکردنەوەی واژۆ لە خەڵکی موسڵ(یوسف، ١٩٩٩: ٩٢ )، بە بیانوی بێزاریان لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری هەمەوەندیەکان .

لە ٢٢ تەمووزی١٣٠٣ ڕۆمی-١٨٨٧ زایینی لە کۆبونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عوسمانی بە ئامادەبوونی زۆرێک لە بەرپرسانی ئەو دەوڵەتە لە پێناو بەرژوەندی گشتی، وا بە باش زانراوە، هەمەوندیەکان دووربخرێنەوە بۆ ناوچە سنووریە دوورە دەستەکانی ولایەتی مووسڵ بە مەرجێک بە کۆمەڵ نەگوازرێنەوە، بەڵکو بە سەر قەزا و ناحیەکان دابەشبکرێن، لە پێناو بایەخدان بە فێرکردن و پەروەردەکردنی هەمەوەندیەکان، بەباشیان زانیوە سەد خێزان بۆ ولایەتی سیواس و بیست و سێیان بۆ ولایەتی قۆنیە و پەنجای دیکەیان بۆ ئەدەنە و پەنجا خێزانی تریش بۆ ولایەتی ئەنقرە بگوازرێنەوە. ڕۆژێک دواتر نوسینگەی تایبەتی سوڵتانی عوسمانی بە نوسراوی فەرمی ڕەزامەندی لە سەر پێشنیازەکە دەربڕیوە(مراد، ٢٠٠٥: ٤٦-٤٧) .

وەکو لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دەردەکەوێت دوورخستەوەی هەمەوەندیەکان بۆ ولایەتی تەڕابولسی ڕۆژئاوا لە سەرەتا پێشنیازی کاربەدەستانی عوسمانی لە ولایەتی مووسڵ بووە، دواتر بە مەبەستی کارئاسانی بۆ دەسەڵاتی عوسمانی بۆ ڕزگاربوون لە کێشەی بەردەوامی ڕاکردنی هەمەوەندیەکان لە شوێنی دوورخرانەوەیان لە ماوەکانی پێشوو (ئەحمەد ڕاسم پاشا)ی والی عوسمانی لە تەڕابولسی ڕۆژئاوا، جارێکی دیکە ئەم پێشنیازەی بۆ کاربەدەستانی عوسمانی کردوە، ئەویش بەنیشتەجێکردنی سەد بۆ دووسەد خێزانی هەمەوەند لە ولایەتی تەڕابولسی ڕۆژئاوا، بەو مەرجەی بەلایەنی کەم دەوڵەت خۆراک و تۆی پێویستی ساڵی یەکەمیان بۆ کشتوکاڵکردن دەستەبەربکەن (عیسی، ٢٠٠٥: ٢٥)، بەم شێوەیە بیرۆکەی دوورخستنەوەی هەمەوەندیەکان بۆ ولایەتی تەڕابولسی ڕۆژئاوا لە پێشنیازەوە گۆڕاوە بۆ کردار، لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٨٨٨ هەمەوەندیەکان گەیشتوونەتە ئەو ولایەتە (محەمەد ئەمین ، ٢٠١٥ : ٢٤١- ٢٤٣)، جیا لە ولایەتی تەڕابولسی ڕۆژئاوا، دابەشی سەر شاری بەنغازی کراون تاوەکو لە چیای سەوز و

شایەنی باسە، جگە لەو ناوچانەی ئاماژەمان بۆ کردن، هەمەوەندیەکان باسی هەندێک لە ئەندامەکانی هۆزەکانی خۆیان دەکەن لە لایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانی دورخراونەتەوە بۆ شوێنە دوورە دەستەکانی وەک

دوورگەی ڕۆدس، ئەسینا، تونس، جەزائیر، حمس، حەما، یەمەن و قوبرس، ژمارەیەکی زۆریشان بۆ ناوچە و دوورگەکانی وەک باکوری ئەفریقیا، باشوری ڕۆژهەلاتی ئەوروپا، ئەلبانیا، کەنارەکانی دەریای ڕەش (کەریم، ١٩٩٨: ١٩-٢٠) و کریت، سلانیک و مالتا (کەریم بەگ، ٢٠٠١ : ٥٩) .

بەلگەنامەیەکی عوسمانی دوورخستنەوەی هەمەوەندیەکانی بۆ ولایەتی تەڕابولسی ڕۆژئاوا "بەهۆی چەتەگەریەوە" لێکداوەتەوە (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ٥١)، هەروەها دوای دوورخستنەوەیان لە زێدی خۆیان دەولەتی عوسمانی بە مەبەستی تێکدانی دیموگرافیای ناوچەکانیان و بێهیواکردنیان لە دووبارە نیشتەجێبوونەوەیان لە ناوچەکانی خۆیان، هەلساوە بە گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێک، یەکێک لەوانە، دابەشکردنی زەوی هەمەوەندەکانە بە سەر ئەو کەسانەی داوایانکردوە ئەو زەویانەیان پێبدرێت، بە گوێرەی بەلگەنامەیەکی عوسمانی کە مێژووەکەی بۆ ١٢ ئەیلولی ١٣٠٤ ڕۆمی ١٨٨٨ زایینی دەگەڕێتەوە، نرخەکەی گەیشتۆتە (٨٤٥٠) قورش، وەک دەردەکەوێت، خەرجی دوورخستنەوەی هەمەوەندیەکان زۆر لە سەر دەولەت کەوتوە، بە دوور نازانرێت، بە گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنە دەولەتی عوسمانی مەبەستی بووبێت قەرەبووی بەشێک لەو خەرجیانە بکاتەوە، لە لایەکی دیکە، ئاماژە بەوە کراوە، لە بەرامبەر فرۆشتنی زەویەکانیان دەولەت لە ناوچە دوورخراوەکان "زەوی گونجاو" بە هەمەوەندیەکان بدات (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ٣٥). هەروەها لە بەلگەنامەیەکی دیکەدا کە ڕێکەوتی دەرچوونی بۆ ٩ مارتی ١٣٠٧ ڕۆمی-١٨٩١ زایینی گەڕاوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە، بە مەبەستی نیشتەجێکردن، هەولدەدرێت نزیکەی دوو هەزار خانەی ئەندامانی هۆزی جاف بگوازرێتەوە بۆ قەزای بازیان، کە مەلبەندی نیشتەجێبوونی هۆزی هەمەوەندیەکانە، ئاماژەش بەوە کراوە، لە ڕێگای کۆکردنەوەی چەند واژۆیەک لە مەلبەندی چەمچەمال ناڕەزایەتی دەربڕاوە، داواکراوە یارمەتی ئەو جافانە نەدرێت کە نیازیان هەیە بهێن (باجگر، ب٥، ٢٠١٨: ٦٣ .(

لە دوای دوورخستنەوەی هەمەوەندیەکان، هەولدراوە چەند هۆزێکی کوردی لە سنووری جوگرافی ناوچە هەمەوەندنشینەکان نیشتەجێبکرێن، بۆ نموونە، جیا لە بانەتی تێکدانی دیموگرافیای ناوچەکە، بەو هەولەیان دەولەتی عوسمانی ویستویانە هۆزە کوردیەکان بەگژی یەکدیدا بدەن. لە هەنگاوێکی دیکەشدا دوای گەڕانەوەیان لە ئێران لە سالی ١٨٩٤ و پیشاندانی ملکەچی بۆ دەولەتی عوسمانی، دەسەلاتدارانی ئەو ولاتە ڕێگەیان بەنیشتەجێبوونی پەنجا خانەوادە لە خزمانی (محەمەد بەگی کەلهوڕ)ی لە هۆزی کەلهور داوە لە بازیان نیشتەجێبکرێن (باجگر، ب ٥، ٢٠١٨ : ٩٣). باڕۆن ئیدوارد نۆلد ئاماژەی بەو ڕاستیە داوە، دوای دوورخستنەوەیان بەشی زۆری زەوی و زار و مال و مولکی هەمەوندیەکان لە لایەن دەولەت دەستیان بە سەردا گیرابوو یاخود

درابوون بە خەڵکی دیکە، یان لە لایەن کاربەدەست و بەڕێوبەرانی خەزێنە و موڵکی سوڵتانەوە ڕاستەوخۆ بەکارهێنراون (نۆڵد، ٢٠٠٤ : ١١).

ئاشنا نەبوونی هەمەوەندیەکان بە ژینگەی ناوچە عەرەبیەکان، سەختی ژیان لێیان، خۆشویستن و حەز و ئارەزوویان لە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، پرۆژەی (ئەحمەد ڕاسم پاشا)ی شکستپێهێناوە بۆ سەرقاڵکردنی بەشێک لەهەمەوەندیەکان بە کشتوکاڵکردن لە ناوچەی سرت. هەرچەند بەڵێنی زامنکردنی تۆی پێویست و ڕەخساندنی هەلی ژیانی نوێ و قورشێکی ڕۆژانەیان بۆ هەر تاکێکی خێزانەکە پێداون، بەڵام هەمەوەندیەکان نەچوونەتە ژێر باری ئەو پرۆژەیە، دوای شکستهێنانی، والی ناوبراو بیری لەوە کردۆتەوە پیاوە (سەڵت- بێ خێزانەکان)ی هەمەوەند لە هێزە چەکدارە فەرمیەکانی دەوڵەت شوێنیان بۆ بکرێتەوە، هەندێکی دیکەیان بۆ پاراستنی کەشتیە جەنگیەکانی عوسمانی لە کەنارە ئاویەکانی لیبیا دەستبەکار بن، بەشێکی دیکەشیان وەک پاسەوانی ئاسایش دابمەزرێنێت، بەڵام هەمەوەندیەکان ئەو پێشنیازەیان ڕەتکردۆتەوە، سووربوون لە سەر گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، بۆیە بەشێک لەوانە لە نێویشیاندا کۆمەڵێک لە سەردارانی ئەو هۆزە کەوتوونەتە سەر بیری ڕاکردن. دوای ڕاکردنیان هێزەکانی ناوچەکە بە شوێنیان کەوتوون، لە ئەنجامی پێکدادانی نێوان هەردوولا (حەسەن بەگ)ی ڕێبەری هەمەوەندیەکانیان کوشتوە، ئەوانی دیکەش دوای دەستگیرکردنیان، چەککراون، لە ١٩ زوالقەعدە ١٣١٠ کۆچی ١٨٩٣ زایینی، لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە. دەستگیرکردنی ئەم ئەندامانەیان، هەمەوەندیەکانی ساردنەکردۆتەوە لە بیری گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، بەڵکو موکڕتری کردوون، بۆیە (ئەحمەد ڕاسم پاشا) بە ناچاری لە ساڵی ١٨٩٣ ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانی عوسمانی وەرگرتوە بە گەڕانەوەیان بۆ ئەزمیر(عیسی،٢٠٠٥: ٢٦-٢٧) .

لەبارەی گەڕانەوەی هەمەوەندیەکان بۆ زێدی خۆیان، بۆچوونی جیاواز بەدیدەکرێت، بۆچوونێک لەگەڵ ئەوەیە، هەمەوەندیە دوورخراوەکان ماوەی هەشت ساڵ (١٨٨٨- ١٨٩٦) لە تەڕابولسی ڕۆژئاوا ماونەتەوە، لە ساڵی ١٨٩٦ پەرۆشی گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان و بەسەربردنی ژیانێکی ئازاد و سەربڵندانە وایلێکردوون ناخۆشی و ماندووبوون و مەترسیەکانی ڕێگا لە بەرچاونەگرن، دوای برینی نزیکەی سێ هەزار کیلۆمەتر بەپیادە لە ماوەی شەش مانگ گەڕاونەتەوە بازیان و چەمچەماڵ (النقشبندی، ٢٠١١: ٢٥١)، توێژەرێک ئەم گەڕانەوەی وەک "شاسواریێتی و نەبەزی کورد" وەسفکردوە (خورشید، ١٩٩٥: ٧). دوای ئەوان هەمەوەندە دوورخراوەکانی ناوچەکانی ئەدنە کاتێک بە هەواڵی گەڕانەوەی بەشێک لە ئەندامانی هۆزەکەیان لە تەڕابولسی ڕۆژئاوا دەزانن، بڕیاری گەڕانەوە دەدەن، بۆ ئەم مەبەستە سەد و پەنجا پیاوی چەکدار، خێزانەکانیان جێدەهێڵن، لە ڕێگا

ڕووبەڕووی چەکدارانی عوسمانی دەبنەوە و ژمارەیەکیان لێدەکوژرێت، دوای گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی بازیان و چەمچەماڵ، چوارسەد چەکداری هۆزەکە گەمارۆی شاری موسڵ دەدەن، داوای گەڕانەوەی خێزان و منداڵەکانیان لە ئەدەنەوە بۆ زێدی خۆیان دەکەن، لە حاڵی جێبەجێنەکردنی داواکەیان هەڕەشەی وێرانکردنی شارەکە دەکەن، لە ئەنجامدا والی موسڵ بڕیاری گێڕانەوەی خانەوادەکانیان دەردەکات (النقشبندی،٢٠١١: ٢٥١)، لە سەر خەرجی تایبەتی عوسمانیەکان گەڕاونەتەوە بازیان (حەمە خورشید ، ١٩٩٥: ٧) .

لە بەرامبەر ئەم بۆچوونە، بۆچوونێکی دیکە بە پشتبەستن بەو بەڵگەنامە عوسمانیەی لە (خانەی پارێزراوە مێژووییەکان) لە تەڕابولسی ڕۆژئاوا پارێزراوە، پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە، دوای ئەوەی (ئەحمەد ڕاسم پاشا) سەرکەوتوو نابێت لە پرۆسەی نیشتەجێکردنی هەمەوەندیەکان لە ولایەتەکەی، لە ساڵی ١٨٩٣ ڕەزامەندی کاربەدەستانی عوسمانی وەردەگرێت لە سەر گێڕانەوەیان بۆ ئەزمیر (وەرگیراوە لە : عیسی،٢٠٠٥: ٢٧) و ولایەتەکانی دیکەی ئەنادۆڵ (محەمەد ئەمین ، ٢٠١٥: ٢٤٥-٢٤٦). بەڵام زانیاریەکانی باڕۆن ئیدوارد نۆڵد ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، بڕیاری گەڕانەوەی هەموو هەمەوەندیەکان درابێت، ناوبراو جەخت لە سەر گێڕانەوەی بەشێکی هەمەوەندیەکان دەکاتەوە لە ولایەتی تەڕابولسی ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٨٩٣، چونکە نۆڵد تا ئەوکاتەش زۆر بە ڕوونی ئاماژە بەمانەوەی بەشێک لە هەمەوندیەکان دەکات لە ولایەتەکە لە بەر هەر هۆیەک بێت نەیانتوانیبوو لە ولایەتەکە ڕابکەن و بگەڕێنەوە ناوچەکانیان و هیچ گرفتێکیشیان بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی لەو ویلایەتە دروستنەکردبوو و لەدەوڵەتیش یاخی نەبوون و بەشداری شەڕیشیان لە دژیان نەکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسانی عوسمانی لەم ویلایەتە "هیچ حیسابێکیان بۆ ئەو هەڵوێستەی ئەو تاقمە هەمەوەندە نەکردبوو، بگرە پشتگوێیان خستبوون و لە جیاتی پێزانین و چاکەدانەوە پتر بەرەو قوڵایی ئەفریقیا ڕەوانەیانکردوون" ئەم هەڵوێستەی دەسەڵاتدارانی عوسمانی نۆڵدی نیگەرانکردوە، بۆیە داوای کردبوو هەموو هەمەوەندیەکان بەبێ جیاوازی بڕیاری بەخشین و لێبوردن بیانگرێتەوە، وەک دەنوسێت "ئەوانەش کە لە تەڕابولس دەستبەسەر بوون ئازاد بکەن و بیانهێننەوە سەر جێ و ڕێی خۆیان" هەروەها پشتڕاستی ئەوەش دەکاتەوە بەشێک لە هەمەوەندیەکان توانیوویانە لە تەڕابلوس ڕابکەن، ئاماژەی بەوە کردوە، زۆرجار سەرزەنشتی کاربەدەستانی عوسمانی کردوە لە خراپ هەڵسوکەوتکردنیان لەگەڵ هەمەوەندیەکان، ڕاشکاوانە پێی ڕاگەیاندوون بەم ڕەفتارە "ناوتان دەزڕێ". بەڵام هەوڵەکەی ئەنجامی نەبووە (نۆڵد،٢٠٠٤ : ١٥- ١٦) .

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە ڕێکەوتی دەرچوونی بۆ ٢٣ مایسی ١٣٠٩ی ڕۆمی ١٨٩٣ زایینی دەگەڕێتەوە، لە لایەن والی مووسڵ بۆ (نەزارەتی ناوخۆ - وەزارەتی ناوخۆ)، نێردراوە، باس لەوە دەکات، ئەو

هەمەوەندیانەی لە بەنغازی مابوونەوە زستانی رابردوو بە هەڵاتوویی گەڕاونەتەوە بازیان، بەگوێرەی زانیاری بەڵگەنامەکە "بوێریانکردوە دەست بە چەتەگەری بکەنەوە"، بەڵام ئاماژە بە زانیاریەکانی موتەسەریفیەتی کەرکوک، توانراوە ئەو هەمەوەندیانە دەستگیربکەنەوە، هەروەها جەخت لەوەشکراوەتەوە موتەسەڕیفیەتی خۆجێیی لە بەنغازی و کاربەدەستانی ئەو شوێنانەش کە لە لایەن هەمەوەندیەکانەوە وێرانکراون، ئاگادارکراونەتەوە، کە ئەو هەمەوەندیانەی لەو شوێنانە دەبینرێن "بخرێنە ژێر نەزارەت و چاودێریەوە" هاوکات داوا کراوە ڕێگای هەڵاتنیان لێبگیرێت، چونکە لە حاڵی ڕێگری نەکردیان "دیسان کۆمەڵ دروستدەکەن و دەست بەفراوانبوونی چەتەگەریەتی دەکەنەوە" (باجگر، ب٥، ٢٠١٨ : ٧٧) .

لە ڕاستیدا، وەک لە ئاماژەی سەرچاوەکان دەردەکەوێت، ماوەیەکی زۆرکەم دوای هاتنیان بۆ تەڕابولس، هەمەوەندیەکان هەوڵی ڕاکردنیان داوە، ئەوەتا دیکسۆن ئاماژە بەوە دەکات، یەکێک لە سەرکردە دوور خراوەکانی هەمەوەند بە شانازی خۆهەڵکێشانەوە پێی گوتوە "هەر دوای سێ هەوتوو لە ئاوارەکردنیان بۆ تەرابلس ئەم هەموو ڕێگەیەی بڕیوە و بەپێ گەیشتۆتەوە سەر سنووری ئێران" (سۆن، ٢٠٠٧: ١٢٣-١٢٤)، وەک لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا دەردەکەوێت لە دوای نیشتەجێبوونیان بە چەند مانگێک هەمەوەندیەکان لە هەوڵی ڕاکردنبوون لە ولایەتی تەڕابولسی ڕۆژئاوا، بۆ نموونە، بەگوێرەی ئەو زانیاریەی لە تەلگرافێک بە وەکالەتی والی موسڵ بۆ وەزارەتی ناوخۆ ڕەوانکراوە، دووپاتی ئەوە کراوەتەوە، بەشێک لە هەمەوەندیەکانی بەنغازی کە ژمارەیان سەد و نۆ کەس بووە، بە کەشتی بێگانە هەڵاتوون، لە کەنارە ئاوییەکانی سوریا دەرچوون و نۆ لەو کەسانە لە شارەزوورەوە هاتوونەتە قەزای هەولێر، ئاماژەش بەوە کراوە، کاپتنی کەشتیەکە بۆ خەرجی ڕێگا بڕی یەک لیرەی ئینگلیزی لە سەر نشینە هەمەوەندیەکان وەرگرتوە، بۆیە والی موسڵ داوای توندکردنی ڕێکارە ئەمنیەکانی کردوە، ترسی خۆشی نەشاردۆتەوە لەوەی ئەگەر خاوەن کەشتیەکان بەردەوام بن لە گواستنەوەی هەمەوەندیەکان ئەوا "هیچ یەکێکیان ناوەستن بە هەڵاتن بۆ ئەم شوێنە دێن و دەست بەجموجوڵ و چالاکی بەد و زوڵم دەکەنەوە"، هەروەها هەموان لە دووبارە گەڕانەوەی تەواوی هەمەوەندیەکان ئاگاداردەکاتەوە "جارێکی دیکە مەحاڵە بتوانرێت دەستبەسەربکرێن" بۆیە سەرقاڵکردنی هەمەوەندیەکان لە شوێنە دوورخراوەکانیان لە تەڕابولس و بەنغازی بە کرداری کشتوکاڵ، بە زامنی ڕێگریکردن وەستاندیان دەزانێت لە ڕاکردن و گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان (باجگر، ب٢، ٢٠١٨: ١٤٦) بە دوور نازانرێت پێشنیازی سەرقاڵکردنی هەمەوەندیەکان بە کرداری کشتوکاڵ لە لایەن (ئەحمەد ڕاسم پاشا) لە هەرێمی سرت (وەکو پێشتر باسمانکرد) هەر لە دوای ئەو ڕووداوەوە گەڵاڵەبوو بێت. بێئاگا لەوەی ئەو هەمەوەندیانەی دوورخرابوونەوە بۆ هەرێمی سرت، لە چینی جوتیاران نەبوون،

بەڵکو ئەوان ڕاهاتبوون لە سەر کۆچ و گواستنەوە، ئەوەش ڕواڵەتێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بوو بەو هۆزانەی ڕاهاتوون لە سەر ژیانی کۆچ و هێرشکاری، خۆیان پەیوەست ناکەن بە زەوی و جیۆگرافیایەکی دیاریکراو (عیسی،٢٠٠٥: ٢٦).

## ئەنجام

١ -ئەگەرچی ئەو بەڵگەنامە عوسمانیانەی لە دوو توێی ئەو توێژنەوەیە بەکارهاتوون، ڕەنگدانەوەی سیاسەت و بیر و بۆچوونی تەواوی دەوڵەتی عوسمانین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە یەکێک لە سەرچاوە دانسقە و دەگمەنەکان هەژماردەکرێن بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک لایەنی ناڕوونی مێژووی هەمەوەندیەکان لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی.

٢ -لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دەردەکەوێت، بە درێژایی ماوەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم هەمەوەندیەکان بوونەتە مایەی سەر ئێشە و کێشە بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ناوچەکانیان ئەمەش لە بەر ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەربوو، لەوانە ملکەچ نەبوونی هەمەوەندیەکان بۆ دەسەڵاتی عوسمانی، کە لە پێنەدانی باج ڕەنگیدابووەوە، ملنەدان بۆ سیستەمی سەربازی بەزۆر، دەستدرێژی هەمەوەندیەکان بۆ دام و دەزگا فەرمیەکانی دەوڵەت لە ناوچەکانیان و کێشە و ناکۆکیەکانی هەمەوەندیەکانیش لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەر، چاوتێبڕینی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دەستگرتن بە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەمەوەندیەکان، پەنابردنی هەندێک لە سەرکردەکانیان بۆ سنوورەکانی دەوڵەتی قاجاری، فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ دەستوەردانی دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە کاروباری هەمەوەندیەکان، هاوکات هۆکارێکی سەرەکیش بووە لە دروستبوونی ناکۆکی نێوانیان.

٣ -دوای ڕوخانی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان و گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی و سەرکەوتنی عوسمانیەکان لە پرۆسەی دوورخستنەوەی ژمارەیەک میر و کەسایەتی کوردی بۆ ناوچەکانی عوسمانی، دەسەڵاتداران لە ئەستانە بە مەبەستی دانانی سنوورێک بۆ جموجۆڵی هەمەوەندیەکان کەوتوونەتەسەر بیری دوورخستنەوەی سەرکردە و بەشێک لە خانەوادەکانی هەمەوەندیەکان بۆ ناوچە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتیان، بەڵام تێبینی دەکەین هەموو ئەو ڕێککارانەی عوسمانیەکان گرتوویانەتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵی هەمەوەندیەکان و کێشەکانیان لە ناوچەکە کاتی بووە، سەرکەوتونەبوون لە کۆتایی پێهێنانیان و دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتی بۆیان .

٤- لەو بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێت دەوڵەتی عوسمانی لە کاتی زۆر هەستیار و ناسک و چارەنوساز لە گەرمەی ڕووداو و پەرەسەندنەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بە دیاریکراوی لە سەرەتای مانگی ئازاری ١٩١٨ لە کاتێکدا شکستی ئەو دەوڵەتە و لەگەڵیشدا ئەو بەرەیە بە دیارکەوتبوو، کە دەوڵەتی عوسمانی لە پاڵیان دەجەنگا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسەکانی ئەم دەوڵەتە سەرنجیان لە سەر هۆزی هەمەوەند لانەچووە، لەو بارودۆخەشدا لە خەمی دانانی خەڵکانێکی بە هێزبوون بۆئەوەی وەک قائیمقامی بازیان دەستبەکاربێت.

## پەراوێزەکان

(1)شوێنی بنەڕەتی ئەم هۆزە ئۆستانی ( زەنگان)ی ئێران بووە. لە سەردەمی شاعەباسی سەفەوی کۆچیان کردوە بۆ کرماشان و ناوچەکانی دی. لەربارەی وشەی زەنگەنە چەند بۆچوونێک هەیە، لەوانە ناوی زەنگەنە لە دۆڵی (زەنگان)ی ئۆستانی کرماشانەوە هاتوە، بۆچوونێکی دیکەش هەیە جەخت لەوە دەکاتەوە، لە شکر و سوپای زەنگەنە هاتبنە هەر جێگایەک لە کاتی خۆکۆکردنەوە زەنگیان بەکارهێناوە، دواتر بە تێپەڕبوونی کات ئەو ناوەیان لێنراوە. بۆچوونێکی دیکەش بنچینەی وشەکە دەگێڕێتەوە بۆ وشەی زەنگین، کە بە واتای دەوڵەمەند هاتوە. لەبەرئەوەی کاتێک کۆچیان کردوە بۆ ناوچەکانی کرماشان و ماهی دەشت خاوەن سەرمایە و سامانی زۆر بوون، دانیشتوانی ناوچەکە بە زەنگین دەوڵەمەند، ناوزەندیانکردوون، یاخود دەگەڕێتەوە بۆئەوەی سەرۆک، میر و گەورەکانی هۆزەکە زۆر دەوڵەمەند بوون، بۆچوونێکی دیکەش جەخت لەوە دەکاتەوە، لە ناوچەی ماهی دەشت دۆڵێکی بە پیت هەیە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بە ناوی ( زەنگە) زۆربەی دانیشتوانی ئەو دۆڵە لە هۆزی دێرینی زەنگەنەن. بۆچوونێکی دیکەش وشەی زەنگەنەی بە واتاکانی"خاوەن زەبر و زەنگ" و "جەنگاوەری ئازا " یاخود "زەنگنەدار" لێکداوەتەوە (عبدالله، ٢٠١٨: ٩-١٠).

(2)لە بارودۆخێکی نا ئاسایی و تەنگەتاویدا، بەڕێوەبردنی ناوچەیەک لە ناوچەکانی وڵات بۆ ماوەیەکی کاتی ڕادەستی دەستەیەکی سەربازی دەکرێت بە ناوی (دیوانی جەنگی عورفیە) هەموو کاروبارێکی وڵات لە لایەن ئەم دیوانەوە ڕاییدەکرێت (سامی،١٣٧١: ٩٣٤).

(3)لە بنەڕەتدا دراوێکی ئەوروپی بووە، لە سەدەی شازدە لە هەموو ولایەتەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی مامەڵەی پێکراوە، هەر قورشێک بەرامبەر هەشت ئۆقچە بووە (مراد، ١٩٩٢: ٢٤٧-٢٤٨).

(4)لە ڕووی زمانەوانیەوە لە وشەی (طابقور) یان (الطابقور) وەرگیراوە، ئەم زاراوەیە لە دەربڕینی تورکی کۆندا بە واتای ڕیزێک عەرەبانە هاتوە، کە بە شێوەی چوارگۆشە وەستاون و هەریەکیان بە زەنجیرێکەوە بەوی

دیکەیان دەبەسترانەوە، وەک قەڵایەک دەردەکەوتن. بەڵام لە ڕووی زاراوە لە سەردەمی عوسمانی وشەی (طابور) ئاماژە بووە بۆ یەکەیەکی سەربازی کە لە چوار چین، یاخود بلۆک پێکهاتبوو، لە لایەن ئەفسەرێکەوە بە پلەی (بگباشی) سەرۆکایەتی دەکرا (حلاق، صباغ، ١٩٩٩: ١٤٣). هەروەها طابور بەم شێوەیەش پێناسە کراوە، چینێک لە خەڵکی لە پشتیەکدیەوە دەوەستن، یاخود بریتییە لە یەکەیەکی سەربازی کە لە چوار تیپ پێکهاتوە، ژمارەی ئەو تیپانە بە گوێرەی جیاوازی سەربازگەکان گۆڕانکاری بە سەر دەهات(صابان، ٢٠٠٠: ١٤٧).

(5)ئەم هۆزە لە دەوروبەری ساڵی (١٦٠٠) لە ناوچەکانی دەوروبەری قەسری شیرین ڕوویان لە کوردستانی باشور کردوە، لە ناوچەکانی باشوریش بە هەر ناوچەیەک ڕەتبووبن، هەندێکیان لەو ناوچانە ماونەتەوە لەوانە تەلەعفەر و موسڵ، هەروەها لە ناو هۆزەکانی (عەشائر ئەلسبعە)ش ئەندامانی ئەو هۆزە بەرچاودەکەون. مەلا ئەحمەدی گەورە باپیرە گەورەی هۆزی شێخ بزێنیە، چوار کوڕی هەبووە، هەموو ئاغاکانی هۆزەکە لە باشوری کوردستان دەگەڕێنەوە سەر ئەم چوار کوڕە، دوو کوڕیان مەحمود ئاغا و حەسەن ئاغا لە ناوچەکانی زێی گەورە لە گوندەکانی (کەور گۆسک گاینج، شیوە ڕەش، خەرابە دراو، کەلەک) ماونەتەوە، لەگەڵ شارەکانی (موسڵ، تەلەغفەر) دوو کوڕەکەی تر بە ناوەکانی حاجی هەمزە و مەلا عەباس لە گوندەکانی دەوروبەری کەرکوک نیشتەجێبوون (شێخ بزێنی، ٢٠١٤: ١٨-١٩) .

(6)جوگرافیای نیشتەجێیبوونی هۆزی شوان ناوچەکانی نێوان زێی بچوک و شاری کەرکوکە، واتا، لە نێوان باکوری خۆرهەڵات و باکوری خۆرئاوای زێی بچوک لە لایەک و باشوری شاری کەرکوک لە لایەکی دیکەوە، لە خۆرئاوا و باشوری خۆرئاواوە زێی بچوک و پردییە، لە خۆرهەڵاتیشەوە چەمچەماڵ، ناوچەی قەڵاسێوکە، ناحیەی ئاغجەلەر دەگرێتەوە (شوانی،٢٠١٦: ١٩-١٥٧) بە گوێرەی زانیاری سەرچاوەیەکیش هەموو ئەندامانی ئەو هۆزە جوتیار بوون، ناوی (شوان) یان هەڵگرتوە و چینی دەربەگ لە ناو ئەو هۆزە نیە، بەڵام ملکەچی ئەو خاوەندارە زەویانەن لە شارەکان نیشتەجێن (خورشید، ٢٠١٢: ١١٩).

(7)ناوە ڕاستەقینەکەی گوندی مظفر - موزەفەرە نەک (موزافە) دەکەوێتە سنووری چەمچەماڵ و نزیک گوندی پیریادییە، لە بنەڕەتدا هەردوو گوندی سەیدەکانی پیریادی بوون، دواتر هەندێک لە هەمەوەندیەکان تێدا نیشتەجێبوون(محەمەد ئەمین، ٢٠١٥: ١٥٢)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە خاوەنداری گوندی ناوبراو بۆ هەمەوەندیەکان گەڕاوەتەوە.

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: کتێب

أ- کتێبی بەڵگەنامەیی:

-باجگر، نەوزاد یەحیا (٢٠١٨) هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا ١٧٠٥-١٩١٢ز، ١١١٦-١٣٣٠ ک، و، ئاشتی ڕەحمان، ب٢، چ١، بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان، خانەی بەڵگەکان.

-باجگر، نەوزاد یەحیا (٢٠١٨) بازیان و چەمچەماڵ لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا ١٢٩٨-١٣٣٦کۆچی ١٨٨١-١٩١٨ زایینی، و، ئاشتی ڕەحمان، ب٥، چ١، بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان، خانەی بەڵگەکان.

-هاکان، سینان (٢٠١٢)، کوردو بەرخودانەکانی ١٨١٧-١٨٦٨ لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا، و، لەتورکیەوە، بەکر شوانی، پێشەکی وپێداچوونەوە د. جەبار قادر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .

مراد، خليل علي (٢٠٠٥)، مختارات من كتاب الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية، مطبعة شفان، السليمانية.

ب- بەزمانی کوردی

ئەدمۆندس، سیسل جۆن (٢٠٠٤)، کورد تورک عەرەب، و، حامید گەوهەری، چ٢، بڵاوکراوەی ئاراس،هەولێر.

-برونەسن، مارتین، فان ( ٢٠٠٣) ئاغا وشێخ ودەوڵەت، و، لە ئەڵمانیەوە، د.کوردۆ عەلی، بەرگی ١، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران، ژمارە(٣). سلێمانی.

-جویدە، وەدیع (٢٠٠٨) جولانەوەی نەتەوەیی کورد بنەماو پەرەسەندنی، و، لە ئینگلیزیەوە د. یاسین سەردەشتی ، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

-حویزی، طاهر احمد (بێ ساڵی چاپ)، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی نمیر،بغداد .

-زەکی بەگ، محەمەد ئەمین (٢٠٠٦)، تاریخی سلێمانی و وڵاتی، سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ، چ٢، ئامادەکردنی، ڕەفیق ساڵح، چاپخانەی شفان، سلێمانی.

-سۆن، میجەر ئی.بی (٢٠٠٧) چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، و، لە ئینگلیزیەوە، نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی شفان، سلێمانی .

-سجادی، علاالدین (١٩٥٢)مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، سردشت.

-شوانی، بەختیار سەعید مەحمود (٢٠٠٩) کەرکوک لە سەدەی نۆزدەهەمدا، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی .

-شوانی، رفیق (٢٠١٦) هۆز و ناوچەی شوان، لە ڕووی مێژوویی، جوگرافی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، نیشتیمان پەروەری، ناودارانی و خوێندنەوە، رۆى للطباعة والنشر، العراق،

-شێخ بزێنی، سەعد فاروق یسف (٢٠١٤) هۆزی شێخ بزێنی، چ١، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین .

-عبدالله، صلاح الدين عبدالحميد (٢٠١٨)، مێژووی هۆزی زەنگەنە، چ١، چاپخانەی ڕەهەند .

-عەلیاوەیی، عەبدوللا (٢٠٠٤)، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی (لیکۆڵینەوەیەکە لە بواری مێژووی سیاسی دا)، لە بڵاووکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

-جاف، کەریم بەگی فەتاح بەگی (١٩٩٥)، تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی، دکتۆر حەسەن جاف، پێشەکی محەمەد عەلی قەرەداغی، چ١، بەغدا.

کەریم بەگ، دارا ئەحمەد (٢٠٠١)، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، بەشێک لە مێژووی رزگاریخوازی گەلی کورد، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

-کەریم بەگ، دارا (٢٠١١)، هۆزی هەمەوەند لەژیانی ئاوارەیدا، بە دوا داچوونێکی بەڵگەنامەیی لە سەر دوورخستنەوەی هەمەوەندیەکان، چاپخانەی شفان، سلێمانی.

-کەریم، سەروەر، ئەحمەد (١٩٩٨)، چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، چ١، مەڵبەندی کۆمپیتەری تیشک. بێ شوێنی چاپ.

- -کەریم، خالد مەحمود (٢٠١٢)، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشور ١٨٦٩-١٩١٤، سلێمانی.

-محەمەد ئەمین، سەرتیپ (٢٠٠٨)، هەمەوەند لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان، چ١، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.

-مینتیشا شفلیی،أ.م ( ٢٠٠٩)، کورد، کورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی- ئابووری و ڕۆشنبیری و گوزەران، و، لە ڕووسیەوە، د. عزالدین مستەفا ڕەسوڵ، چ٢، چاپخانەی خانێ، هەولێر.

مدرس و عبدالكريم،-مەلا عبدالکەریم، فاتح (١٩٨٠)، کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا .

-هەمەوەند ، کەریم ئاغای، (٢٠١٠)، هۆزی هەمەوەند و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتی ١٧٨٧-١٩١٨، توێژینەوەیەکی مێژوویی رامیاری، چ١ ، بڵاوکراوەی هماوند بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، کەرکوک.

ج- بەزمانی عەرەبی:

-ايغلتون، ويليام (٢٠٠٦)، القبائل الكردية، ترجمة، احمد محمود خليل، كوردستان.

-خورشيد، فؤاد حمه (٢٠١٢)، العشائر الكردية،ط٢، بغداد .

-الدوسكي، كاميران عبدالصمد احمد (٢٠٠٢) كوردستان العثمانية فى النصف الاول من القرن التاسع عشر،ط١،مطبعة الوزاره التربية اربيل.

-عيسى، حامد محمود(٢٠٠٥)، القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني حتى الغزو الأمريكي١٩١٤-٢٠٠٤، ط١، عربية للطباعة والنشر، القاهرة.

-شريف، عمر على (٢٠٠٥)، استذكارات عن تاريخ الكرد الحديث، الطبعة الاولى،مطبوعات الشفقق الثقافية، كركوک.

-نيكتين، باسيلي (٢٠٠٦)، الكرد- دراسة سة سولوجية وتأريخية، نقله من الفرنسية وعلق عليه د. نورى طالباني، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سليمانية.

دووەم: یادداشت و گەشتنامە:

- شەوقی، بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی (سەرگوزەشتە) (٢٠٠٣)، ئامادەکردنی، سەدیق ساڵح، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

- ڕیتۆرێ، ژاک (٢٠٠٨)، گەشتنامەی میسۆنێرێک بۆ ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی ساڵی١٨٧٨، وەرگێڕانی لەفەڕەنسیەوە لەگەڵ نوسینی پێشەکی و پەراوێز، نەجاتی عەبدوڵڵا، چ ١، چاپخانەی شفان، سلێمانی.

- لۆریمەر، سەفەرنامەی جۆن گۆردن لۆریمەر بۆ باشوری کوردستان نیسان ومایسی ١٩١٠(٢٠٢٠) و، لە ئینگلیزیەوە، ڕەوەند سەباح، وپێشەکی، پەراوێز نووسین و پێداچوونەوەی، هێمن عومەر خۆشناو، چ١، لەبڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران بۆ پاراستن وساغکردنەوەی بەڵگەنامە ودەستنووس، زنجیرە (٢٥)، تاران.

- سۆن، مەیجەر، (٢٠١٨)، گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا، لەگەڵ تێبینییە مێژووییەکان لە بارەی تیرە وخێڵەکانی کورد و کلدانەکانی کوردستانەوە، و، لەئینگلیزیەوە مینە، چ١، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار- سلێمانی.

نۆلد بارۆن ئیدوارد(٢٠٠٤)، گەشتیک بۆ عەرەبستان و کوردستان و ئەرمەنستاندا، بەشی دووەم، چ١، و، لەئەڵمانیەوە د، حمید عزیز، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

سێیەم: نامەو تێزە زانکۆییەکان

أ- نامەی ماستەر

- قادر، غەمگین عبدالله(٢٠١٦)، ڕۆڵی سیاسی هۆزی جاف لەماوەی ساڵانی١٨٤٧-١٩١٨، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین.

ب- تێزی دکتۆرا

- محەمەد ئەمین، فەرهاد عەبدولعەزیز (٢٠١٥)، هۆزی هەمەوەند توێژینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی سیاسییان لە نێوان ساڵانی (١٨٥١-١٩١٤)، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەڵاحەدین.

چوارەم: فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیا

أ- بەزمانی عەرەبی-

حلاق و صباغ، حسن، عباس (١٩٩٩)، المعجم الجامع في المصطلحات الأيوبية والمملوكية والعثمانية ذات الأصول العربية والفارسية والتركية، ط١، دار العلم للملايين، بيروت.

العزاوي، عباس (٢٠٠٥)، موسوعة عشائر العراق، الكردية، ج٦،ط١، الدار العربية للموسوعات.

صابان، سهيل (٢٠٠٠)، المعجم التاريخي للمصطلاحات العثمانية التاريخية، مراجعة، د.عبدارزاق محمد حسن بركات، مطبوعات الملك فهد الوطنية، الرياض.

العامري، ثامر عبدالحسن(١٩٩٣)، موسوعة العشائر العراقية، ج٦، ط١، دار الشؤون الثقافية، بغداد.

مراد، خليل علي (١٩٩٢)، النظام المالي، موسوعة الموصل الحضارية، ج٤، ط١، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل.

ب- بەزمانی تورکی

-سامی، ش(١٣١٧)، قاموس ترکی،معارف نظارات جليله سنک،اقدام مطبعه سی، استنبول .

پێنجەم: گۆڤار

أ-بەزمانی کوردی

-حەمە خورشید، فواد (١٩٩٥)، جەربەزەیی خێڵی هەمەوەند بەشێک لە مێژووی ئەم میللەتە، گۆڤاری(ڕەنگین) بەغدا، ژمارە. (84)

-ناسر، ئەحمەد محەمەد،(٢٠١٣)، دوورخستەوەی ڕێبەرانی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی، گۆڤاری( ئەکادیمیای کوردی) ژمارە .(25)

-هەمەوەندی، رەوف تۆفیق، ١٩٩٨)، هەمەوەند لە خەباتی سەختی مێژوودا، گۆڤاری ( پەیفین )ژ، (٣) سلێمانی.

--یوسف، عبدالرقیب (١٩٩٩)، چەند بەڵگەنامەیەک لە بارەی هەمەوەندەوە، گۆڤاری (هەزار مێرد) سلێمانی ژمارە(١٠) ساڵی سێیەم، کانوونی یەکەم.

ب- بەزمانی عەرەبی

-العلياويى، عبدالله محمد علي (٢٠٠٥)، سياسة الدولة العثمانية تجاة العشائر الكردية في كركوک واطرافها من عام ١٨٨٧ حتى عام ١٩٠٩ دراسة وثاقية تحليلية، مجلة (سردم العربي)، العدد.(8)

-النقشبندي،حسام الدين علي غالب (٢٠١١)، عشيرة الهموند ونفي قسم منها الى بلاد الاناضول وليبيا في أواخر الثمانينات من القرن التاسع عشر (دراسة وثائقية)، گۆڤاری(ژین) سلێمانی، ژمارە(٣)، تشرینی دووەم.

# عشيرة الهموند في الوثاق العثمانية خلال سنوات ١٨٨١-١٩١٨

م. د. شاخەوان عبدالله صابر قسم التاريخ – فاكلتي الآداب- جامعة سوران.

الكلمات المفتاحية الهموند، الدولة العثمانية ، الوثائق، بازيان، جمجمال.

الملخص

عشيره الهموند في الوثاق العثمانية خلال سنوات ١٨٨١-١٩١٨

هذا البحث عبارة عن تحليل عدة من قضايا خاصة بقبيلة الهموند في الوثائق العثمانية خلال فترة ١٨٨١-١٩١٨.هذه الوثائق قد نشرت في طيات كتاب بعنوان (بازيان و جمجمال في الوثائق العثمانية ١٨٨١-١٩١٨)، والتي تم ترجمتها إلى الكوردية من قبل (ئاشتى رحمن). وقد نشر المترجم نصوص الوثائق كما هي، دون أي توضيح وتفسير أو تعليق. لذلك استدعت الضرورة تحليلها بالاعتماد على المصادر التاريخية الموثقة و باستخدام المنهج التحليلي التاريخي.

الكلمات المفتاحية الهموند، الدولة العثمانية ، الوثائق، بازيان، جمجمال.